Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian - Conf-Sajade,19

# سەججادی وپێشهاتە فەرهەنگی ومێژوویەکانی گەرمیان وناوچەی خانەقی لەگۆڤاری گەلاوێژدا 1949-1939

**ئەحمەد محەمەد ناسر**

بەشی مێژوو، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق

| Article Info | |
|---|---|
| Received: | May,2022 |
| Revised: | June, 2022 |
| Accepted: | October, 2022 |
| **Keywords** | |
| عەلائەددین سەججادی، ڕۆژنامەوان، ئەکادیمی خۆڕسك | |
| **Corresponding Author** | |

**پوختە:**

لەنێوەندی ڕووناکبیریی عێراق بەگشتی وهەروەها باشووری کوردستان، عەلائەددین سەججادی بەیەکێك لە داهێنەروپێشەنگە دیارەکانی سەدەی ڕابردووی کورد دادەنرێت، کە وەك کەسایەتییەکی ئایینی شارەزاو وەك نووسەرووەك ڕۆژنامەوان و لەگەڵ ئەوەشدا وەك لێکۆڵیارێکی فرەڕەهەند و دیاری بواری ئەکادیمی خۆڕسك هاتبێتە نێوکایەودونیای ڕووناکبیریی وکاروانی ڕۆژنامەوانی کوردی و عێراقییەوە، کە لە زۆربواری جیاوازی بەرچاودا، کۆمەڵێك بەرهەمی ناوازەو پرۆژەی گرنگی جۆراوجۆری بەسەرکەوتوویی بە ئەنجام گەیاندبێت ،کە هەرهەموویان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، وەك سەرچاوەو وەك بەرهەمی کلاسیکی ڕەسەن لە نێوەندی ئەدەبیات و مێژوو و کاری فەرهەنگیی عێراق و کوردیدا جێگای شیاوی خۆیان کردبێتەوە،هەرچەندە بە دیوێکی تریشدا زۆرێك لە بەرهەم و نووسینە بایەخدارەکانی ئەم ڕووناکبیرە گەورەی کورد،تائێستاش وەك کەرەستەیەکی خاوی دەست بۆنەبراوی ڕووناکبیریی ماونەوەتەوەو وەك پێویست لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و بەدواداچوونی زانستیی جدییان لە بارەوەنەکراوە.

## پێشەکی:

شایانی باسە ئەم کورتە نووسین و توێژینەوەش : **(سەججادی وپێشهاتە فەرهەنگی و مێژوویەکانی گەرمیان وناوچەی خانەقی لەگۆڤاری گەلاوێژدا 1949-1939)،** کە وەك بەشێکی گرنگ لەکاری ڕۆژنامەنووسیی هەریەك لە ئیبراهیم ئەحمەد وعەلائەددین سەججادی و هەروەها پشتگیری دارایی بەردەوامی عەلی کەمال بەگ، تایبەتمەندی خۆی هەیە لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردیی دا، کە هەڵ دەگرێت دەیان لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی زانستی جۆراوجۆری لەبارەوە بکرێت ولایەنە نارۆشنەکانی بۆخوێنەرودەستەی ڕووناکبیریی کوردی ڕۆشنتربکرێتەوە. شایانی باسە وەك توێژەرو وەك لێکۆڵیارێکی مێژوویی بەزۆری جەختمان کردووەتەوە لەسەر ڕۆڵی عەلائەددین سەججادی ورەنگدانەوەی کارە فەرهەنگی و مێژوویەکانی لەم سنوورو ناوچە گرنگەی باشووری کوردستان، کە لە گەرمیان و ناوچەی خانەقی داو بەسەریەکەوە توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەرچەند بەش و سەرباسێکی سەرەکییدا لەوانە : **« سەربووردەیەکی نوێی مێژوویی سەبارەت بەژیان و بەرهەمەکانی عەلائەددین سەججادی»،** کە تیایدا هەندێك لایەنی نوێ و نارۆشنی کارو ژیانی ئەم ڕووناکبیرە گەورەییەی کوردی تیا خراوەتە ڕوو، کە زۆردڵنیام بەلای زۆربەی زۆری خوێنەران و ڕووناکبیرانی کوردەوە زۆرتازەن و هەرگیز وەك پێویست باسیان لێوەنەکراوە،بەڵام بەشی دووەمیان بەزۆری تەرخانکراوە سەبارەت بە :« **توێژی دەستە بژێری گەرمیان وناوچەی خانەقی لە گۆڤاری گەلاوێژ 1949-1939»دا،** کە ئەمەش زیاتردووسەرباسی سەرەکیی لە خۆدەگرێت، یەکەمیان بریتییە لە : **«پێشینەیەکی مێژوویی و ڕووناکبیری سنووری گەرمیان وناوچەی خانەقی» بەتایبەتی بەماوەیەك پێش** بڵاوبوونەوەی گۆڤاری گەلاوێژ، هەروەها سەرباسی دووەم جەختکردنەوەیە لەسەر : **«بڵاوبوونەوەی گۆڤاری گەلاوێژورەوتی ڕووناکبیریی کوردی لە سنووری گەرمیان وناوچەی خانەقی»**دا،بەڵام بەشی دواتریان بەدواچوونێکی ئەدەبی و فەرهەنگییە سەبارەت بە :**« ڕەنگدانەوەی بەرهەم ونووسینی بەگزادەکانی جافی کەلارو گەرمیان لەگۆڤاری گەلاوێژ»دا،**

ماوەتەوە بڵێین بەشی چوارەم و کۆتایی ئەم نووسینەش بریتییە لە بەدوادا چوونێکی مێژوویی دەربارەی ڕەوتی سەرهەڵدانی ڕووداوە مێژوویەکانی ناوچەکەو هەروەها شێوازی ڕەنگدانەوەو تۆمارکردنی لە نووسین وکاری ڕۆژنامەوانی عەلائەددین سەججادی لە گۆڤاری گەلاوێژدا. بەڵام ئەوەی کە پێویستە لێرەدا بووترێ، ئەویش ئەوەیە کە لەناخی دڵەوە سوپاسی زۆر بەڕێز محەمەد دانش عەلائەددین سەججادی بکەین، کە بە ئەوپەڕی ڕووخۆشی و دڵفراوانییەوە،بەکۆمەڵێك دەستنووس،زانیاری نوێ وسەرنجڕاکێش، سەرەڕای ژمارەیەك دیکۆمێنتی ناوازەومێژوویی هاوکاری کردین،بەوەش هێندەی تر

توێژینەوەکەمانی زیاتر دەوڵەمەندکرد، بەئومێدی ئەوەی توانیبێتمان لەچوارچێوەی ئەم تۆژینەوە کورتەدا، وەك پێویست هەندێك زانیاری و سەرەداوی مێژوویی لەم قۆناغەداو لەم بوارەی مێژوو و ژیانی سەجادیدی بخرێتەڕوو.

## بەشی یەکەم : سەربووردەیەکی نوێی مێژوویی سەبارەت بەژیان وبەرهەمەکانی عەلائەددین سەجادی

وەك ئەوەی تائێستا بۆمان ڕوون بوویێتەوە، شێخ عەلائەددینی کوڕی نەجمەدینی کوڕی عیسام ئەلدینیی سەجادی بیرەوەرییەکانی خۆی نەنووسیوەتەوەو هەرئەمەش وایکردووە، کاتێك کە باس لە ژیان وسەربووردەی کەسێتی سەجادی دەکرێت، بەزۆری بۆچوون و ڕای جیاواز سەبارەت بە ژیان و شوێنی لە دایك بوون,هەروەها وردەکارییەکانی تری ژیانی دێتەکایەوە، بەجۆرێك بەشێك لە نووسەران هۆکاری ئەمەش دەیگەڕێننەوە بۆئەوەی، کە سەجادیش وەك هەرکەسێکی خاکی و سادە لە ژیان و هاوکات وەك نەریت و فەرهەنگی ئەدیبان وزانایانی سەدەکانی ڕابردووی عەرەب و تورك وفارس خۆی خستۆتە بەرچاوو لەم بارەیەشەوە وەك کەسێکی کەمدووهاتۆتە بەرچاو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەشیان بەڕوونی لە چوارچێوەی دەستنووسەکانی خۆیدا ڕەنگی داوەتەوە وەك خۆی لە دەستنووسێکیدا بەزمانی عەرەبی، کە لە ساڵی (1933) دا زایینیدا نووسیویەتی :« تمت الرسالة المسماة ببيان البيان بعون الملك المنان بيد العبد المذنب الفانی علاء الدين ابن نجم الدين فی ليلة الاثنين 28 من شهر رمضان المبارك سنة 1352»[i]. هەروەها هۆیەکی دیکەشی ترسانی بووە لە یاساو سزای دەوڵەتی عێراق[ii]. هەرئەوەش وای کردووە تەنانەت لە بارەی شوێنی لە دایك بوونییەوە لێکدانەوەو بیروڕای جیاواز هەبێت، بۆنموونە مارف خەزنەدار کە تاڕادەیەك نزیك بووە لە سەجادییەوە، لەگەڵ ئەوەدایە، کە لە ساڵی (1907)دا، لە گەڕەکی(قەتارچیان) لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتبێتە دونیاوە، سەرەتاکانی خوێندنی لە حوجرەوە دەست پێکردووە،هەروەها بەمەبەستی زانست وخوێندنی زیاتر، زۆرێك لە شاروناوچەکانی ڕۆژهەڵات وباشووری کوردستان گەڕاوە[iii]. بەڵام ئیبراهیم میرانی کە بەهەمان شێوە کەسێکی زۆرنزیکی خانەوادەی سەجادییەوخێزانی سەجادی دەبێتە پوری (خوشکی باوکی) میرانی لەگەڵ ئەوەدایەو بەپێی دەفتەری نفووس و پێناسە نیشتمانییەکەی لە ساڵی (1325)ی کۆچی بەرانبەر بەساڵی (1907)ز لەگوندی (باراو)ی نزیك (بەرزنجە) لەنێو خانەوادەیەکی ئایینیدا هاتووەوتە دونیاوە[iv]. دایکی ناوی فاتمە ئیبراهیمەو لە بنەماڵەو شێخانی باراوی بەرزنجەیە. بەڵام بەڕەسەن خەڵکی گوندی (کەلجی) ناوچەی هەورامانی تەختی نزیك نەوسوودن و دانیشتوانەکەی بەساداتی کەلجی بەناوبانگن[v]. ڕۆچەکەی (بیارە) بەدیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لەبەشی هەورامانی ڕۆژهەڵاتییەوەو وەك گوندێکی ئاوەدانی ناوچەکە ئەڕوانێت بەسەر ڕووباری سیرواندا[vi]. بەڵام بەپێی ڕەگەزنامە عێراقییەکەی کەدەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاشایەتی و لە 12ی حوزەیرانی 1945، لە شاری بەغدا بەژمارە (41793) لە ڕێگەی وەزارەتی ناوخۆی عێراقەوەو بەناوی(عەلائەددین نەجم ئەددین )وەیەو لە دایکبووی ساڵی (1907)ی گوندی باراوی لیوای سلێمانی بووەو هێشتا ڕەبەن (اعزب) بووە، بەڵام لە شوێنی پیشەکەی (مهنە)ی نووسراوە بەڕێوەبەری گۆڤار (مديرمجلة)، هەروەها باوکی لە دایکبووی ساڵی (1888)هـ، هاوکات دایکی ناوی فاتمە ئیبراهیمەولە دایکبووی ساڵی (1889)بووە،وەك بەڕوونی هەموو ئەوزانیارییانە لەسەر ڕووپەڕی ڕەگەزنامەی عێراقییەکەی تۆمارکراوون و شوێنی نیشتەجێبوونی شاری (بەغدا)یە[vii]. ئەم دیکۆمێنت و ڕەگەزنامە فەرمییەی سەجادی بەتەواوی هەموو بۆبۆچوونانە ڕەدەکاتەوە بەوەی ئەم بنەماڵەیە لە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بن بەڵکو کوردی باشووری کوردستانی لیوای سلێمانی بوون و لەڕۆژگارێکدا دایك و باوك و بنەماڵەکەیان پەڕاکەندەی ئەوبەشەی کوردستان و شارەکانی تری ئێران بوونەتەوە.بەڵام سەجادی خۆی هەر بەگەنجی ولەم بەشەی کوردستاندا ماوەتەوەو لێرەوە بەدواوە درێژەی بەخوێندن و زانستی داوە، وەك بەشێکی زۆریش لە سەرچاوەکان وا باسی لێوەدەکەن بەوەی کە لەساڵانی 1918-1921، لە ناوچەی باڵەکایەتی و شاری ڕەواندزەوە، بەسوختەیی دەستی بە خوێندن کردووە[viii]. هەر لەسەردەمی لاوی و لە ساڵانی 1923-1927دا، بەمەبەستی درێژەدان بە خوێندن هاتووەتە شاری سلێمانی و لە مزگەوتی شێخ جەلال وحاجی مەلاڕەسوڵی دێلێژە وەك فەقێیەك درێژەی بەخوێندن داوە[ix].تاوەکو ئەوکاتەی لە ساڵی 1938،ئیجازەی مەلایەتی لای شێخ باباعەلی تەکیەیی وەرگرتووە،دواتر ڕووی کردووەتە شاری بەغداو لەمزگەوتی نەعیمە خاتوون،کە دەکەوێتە گەڕەکی(مەیدان)ی بەرەی ڕووسافەوە، بۆماوەی (35) ساڵ ئیمام و وتارخوێنی بووە،جگە لەوەش هەر لە بەغداو لای مامۆستایانی ئایینی ناسراوی وەك شێخ ئەمجەد زەهاوی ومەلامحەمەدی قزڵجی بەزانستە ئیسلامییەکاندا چووەتەوە[x]. جگە لەوەش لە سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانی و بەتایبەتی لەکاتی بڵاوکردنەوەی (گۆڤاری گەلاوێژ)دا لە بواری نووسین و ڕۆژنامەوانیدا کاری کردووەو دوای ماوەیەك کەهەریەك لە فائەق هوشیارو قادرقەزاز لەسەر ڕاسپاردەی ئیبراهیم ئەحمەد سەرگەرمی بڵاوکردنەوەی ژمارە سەرەتاییەکانی(گۆڤاری گەلاوێژ) بوون[xi]. هەروەها عەلائەددین سەجادیش لە ڕێگەی عەلی کەمال و هەر لەسەرپێشنیارو ڕاسپاردەی ئەویەکترناسینییان، شانبەشانی ئیبراهیم ئەحمەد بۆماوەی نۆساڵی تەواودرێژە بەدەرکردن وبڵاوکردنەوەی گۆڤاری گەلاوێژ دەدەن، لەگەڵ ئەوەشداو وەك ڕاستییەکی مێژوویی عەلی کەمال بەگ لە ڕووی داراییەوە، بەردەوام هاوکارویارمەتیدەرێکی سەرەکی گۆڤارەکە بووە، واتە لەم لایەنەشەوە وەك شەهادەتێکی مێژوویی دەتوانین بڵێین، لە گەرمەی ساڵانی جەنگی دووەم و گرانی بازاڕو نەبوونی کاغەزی پێویست وسەرەڕای نالەباریی پەیوەندی و هۆیەکانی هاتوچۆ بەتایبەتی لە نێوان شارو شارۆچکەو ناوچەکانی عێراق و باشووری کوردستان، ئەگەر ڕۆڵی سەرەکی وبەرچاویی عەلی کەمال نەبوایە، هەرگیز گۆڤاری گەلاوێژ لەوکاتە هەستیارو ناسکەدا، نەیدەتوانی بەوجۆرەو هێندەساڵ، بەزیندوویی بمێنێتەوەو درێژ بەڕەوتی بڵاوکردنەوەی بدات[xii].

سەرەڕای ئەوەش هەر لەساڵی (1948)داو لەکۆتاییەکانی جەنگی دووەمی جیهانی و شانبەشانی گۆڤاری گەلاوێژ، بەشێوازێکی فەرمی و بەمۆڵەتی فەرمی حکومەتی عێراق، گۆڤارێکی هەفتانەی سیاسی سەربەخۆی بە ناوی (نزار)، بەزمانی کوردی و عەرەبی بڵاودەکاتەوە، کە ئەمەش وەك هەنگاوێك بووە، بۆبەرزڕاگرتن و هێشتنەوەی برایەتی کوردو عەرەب لەعێراقداو لەهەمانکاتدا لە بەشێك لە ژمارەکانیدا بەزۆری باسی لەمەسەلەی دیموکراتییەت وسەربەستی فیکرو ئازادی قەڵەم ونووسینی کردووە[xiii].بەجۆرێك ژمارەی یەکەمی لە 30ی ئازاری 1948دا دەرچووەو تاکاتی وەستانی (22) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە[xiv]. تەنانەت عەلائەددین سەجادی هەرخۆی بۆیەکەمجار، هەواڵی بڵاوبوونەوەی گۆڤاری (نزار)ی وەك مژدەیەك لە ژمارە (3)ی ساڵی نۆیەمی (گۆڤاری گەلاوێژ)ی 1948دا بڵاوکردووەتەوە، وەك لە بارەیەوە لە گۆڤای گەلاوێژدا هاتووە : » نزار : وەزارتی داخلیە ئیزنی دا بەعلاء الدين سجادی بۆدەرکردنی گۆڤارێکی حەفتەیی سیاسی بەزمانی کوردی و عەرەبی بەناوی (نزار) هوە. لەم ڕۆژانەدا دەرئەچێ چاوەڕیی بکەن»[xv]. بەماوەیەکیش دوای وەستانی گۆڤاری گەلاوێژ و نزار و بەپێی گێڕانەوەی بنەماڵی مەلاسەید حەکیمی خانەقی، کە سەجادی ئاشنایی و پەیوەندییەکی زۆری لە گەڵیاندا هەبووە لە شاری خانەقی و بە بەردەوامی سەردانی کردوون ، باوکی عەلائەددین سەجادی لە ناوەندی پەنجاکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوودا، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆچی دوایی کردووە، هەروەها ئەوانیش لەوبارەیەوەو لە سەردانێکیدا بۆشاری خانەقی سەرەخۆشییان لێکردووە[xvi]. شایانی باسە

سەججادی جگە لە خۆی چەند براوخوشکێکی دانیشتووی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستانی هەبووە، بەتایبەت لە شارەکانی سنە و کرماشان و تاران، کە هەرهەموویان لە خۆی مناڵتر بوون لەوانە : محەمەد وتەیب وکوبرا، بەڵام تەیب سججادی برای لەساڵی (2020) لە شاری تاران کۆچی دوایی کردووە[xvii].

هەربۆیەش لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی حیزبی بەعس وبگرە ساڵانی پێشتریشدا، سەججادی زۆرجار ترساوە لەوەی کە بەناوی (تبعیة) ی ئێرانییەوە، ڕادەستی بەرپرسانی ئێرانی بکرێتەوە، هەروەك لەم بارەیەشەوە، کە لێیان پرسیوە مامۆستا چۆن کەوتویتەتە دیوی باشووری کوردستانەوە و لەبەشی ڕۆژهەڵات نەماویتەوە ؟ لەوەڵامدا وتوویەتی : کاتی خۆی کە پەڕیوەی ئەودیوەبووم لەسەرئەوە بووە، کە ڕازی نەبووم باوکم بمنێرێتە بەرئەو جۆرە خوێندن و مەکتەبەی کە خۆم حەزم بەخوێندنەکەی نە دەکرد[xviii]. هەروەها یەکێك لە براکانی کە لە خۆیشی مناڵتربووە، بە ناوی محەمەدەوە، بەچەند ساڵێك پێش بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمووزی 1958سەردانی عێراق و شاری بەغدای کردووەو بۆماوەی دوومانگ لە بەغدا ماوەتەوە. ئەوەشی جێی سەرنج بێت و بەپێی دیکۆمێنتێکی فەرمی سەردەمی عێراقی پاشایەتی سەججادی لە 25ی ئایاری 1954دا، وەك هەر ئەندامێکی تری ئەوکاتەی پەرلەمانی عێراق سەردەمی پاشایەتی داواکارییەکی فەرمی خۆی لە ڕێی حاکمیەتی ناوچەی هەڵبژاردنەکانی قەزای سلێمانییەوە، لە ناوچەی سلێمانی، کە دادوەری ناسراو بەهائەددین ئەلقوتب(1909-1974) ی ئامۆزای مەلامەجیدی قوتبی کەرکووك[xix].بەپێی مەرجە یاساییەکان و بەتایبەت ماددەی (27)ی ئەوکاتە، بڕیاری ڕەزامەندی لە سەرخۆکاندیدکردنەکەی دراوەو داواکارییەکەی بە شێوازێکی فەرمی بۆبەرزکراوەتەوە، بەوەی کە :«بەڕێزعەلائەددین سەججادی خۆی بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئەوساڵەی (1954)ی پەرلەمانی عێراق کاندیدکردووەو ڕەزامەندی لەسەرکراوە». هەروەها وێنەیەك لە نووسراوی ناوبراو بۆئەوشوێنانەی کە پەیوەست بوون بە پرۆسەی هەڵبژاردن وداواکارییەی عەلائەددین سەجادییەوە بەفەرمی ئاگادارکراونەتەوە[xx]. هەرچەندە زۆریشی پێ ناچێت، هەرخۆی داواکارییەکەی پێشتری بەشێوەیەکی یاسایی لەڕێی هەمان دادوەرودادگاوە دەکێشێتەوەوبەهەمان شێوەی پێشوو دادوەربەهائەدین قوتب نووسراوێکی تری بەژمارە (59) لە 5ی حوزەیرانی 1954، بۆدادگای تێهەڵچوونەوەی بەغدا بۆ بەرزدەکاتەوە، بەوەی کە عەلائەددین سججادی داواکاریی خۆی بۆکاری نیابەت دەکێشێتەوەو ئەوانیش وەك لایەنی یاسایی و پەیوەندی دار ڕەزامەندی خۆیانی لەسەر دەردەبڕن وبەفەرمی داوا لە دادگای تێهەڵچوونەوە دەکەن کە بەپێی یاسا هەموو بارمتەو تەئمیناتێکی ماددی بۆ بگەڕێنرێتەوەو بەهەمان شێوەی پێشوو هەموو لایەنە پەیوەندارەکان لە سەرۆکایەتیی دادگای تێهەڵچوونەوەی کەرکووك و ناوچەی هەڵبژاردنەکانی سلێمانی لێ ئاگاداردەکرێتەوەو وێرای ئەوەش وێنەیەکی فەرمی وتایبەتیش ئاڕاستە خۆی دەکرێت[xxi].

کەچی زۆری پێ ناچێت، دوای ماوەیەك و لە 10ی ئەیلوولی 1954، عەلائەددین سەججادی پاش ئەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەساڵەش دەردەچێت و بەفەرمی بڵاودەکرێتەوە، هەربە دەستنووسێکی تایبەتی خۆی لە خوارەوەی بڕیاری کشانەوە لە خۆکاندیدکردنەوەکەی خۆیدا، بەزمانی کوردی و لە بیرەوەرییەکی تایبەتی خۆیداو لە 10ی ئەیلولی 1954، لە بارەی ئەنجامەکانییەوە نووسیویەتی :« ڕۆژی چواشەنبە 9ی حوزەیرانی 1954 ئینتخابات بوو لە سلێمانی کە من ئینسحابم کرد ئەم ئەشخاسانە مانەوە، بەم جۆرەی خوارەوە دەنگیان وەرگرت عەلی کەمال (7866)، ماجد مستەفا (7579)، برایم ئەحمەد(2175)،مەعروف بەرزنجی(1683)، عەبدولقادرحشمەت (614) وڕەفیق حیلمی( 365) دەنگ.سجادی (1954/9/10)[xxii].

هەرچەندە تاوەکو ئێستا ڕوون نییە ئاخۆ عەلائەددین سەججادی بۆ لەو پرۆسەی هەڵژاردنە کشاوەتەوە، ئەمەش لەکاتێکدا بووە، کە هێشتا ڕەبەن بووەو ژیانی هاوسەری پێکەوە نەناوەو هەر وتارێژو مەلای مزگەوتی (نەعیمەخاتوون) بووە لە بەغداو بەزۆری سەرگەرمی نووسین و چاپکردنی کتێب بووە، لە ڕێگەی چاپخانەی مەعاریفەوە، وەك دەگێرنەوە کە پشکی تایبەتی لە گەڵیاندا هەبووە. بەڵام دوای چەند ساڵێك و لەسەرەتاکانی ساڵی (1957)دا، بەماوەیەك پێش کۆچی دوایی و لەسەرڕاسپاردەی مەلاسەید حەکیم خانەقین (1892-1957) کە بەرەسەن کوردی سنەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ژیانی هاوسەری لەگەڵ سوهەیلەخانی کچی ئەمین میران (1935-2012)دا پێکەوەناوە[xxiii]. لەبەری ئەم هاوسەرگیرییەی(3) کورو(3) کچی لێ هەبووە بەناوەکانی : دانا، دانش، دلێر، ناهیدە، نازەنین ونازدار[xxiv].

لێرەش بەدواوە جگە لە بەرنوێژی وتاردانی مزگەوت، کە لە شوێنی خۆی هەربەردەوام بووە، ئیدی دەستبەرداری ژیانی ڕەبەنی و نیشتەجێبوون و مانەوەی لەمزگەوتی (نەعیمەخاتوون) دەبێت و وەك ژیانی خێزانی لە گەڕەکی (قهوة شکر)ی شاری بەغدا، کە دەکەوێتە نێوان (باب الشیخ) و(باب الشرق)، ئەو شارەوە، بۆماوەی (10)ساڵ لەوێ نیشتەجێ دەبێت و بەزۆری منداڵەکانی هەر لەم گەڕەکەی بەغدا لە دایك بوون ، بەڵام لەساڵی (1968)دا ، ماڵەکەی دەگوێزێتەوە ناوچەی ئەعزەمیەو تا ساڵی (1980) لە خانوویەکدا نیشتەجێ دەبێت، کە پێشتر ماڵی شاعیری ناسراوی عێراق و بەرەسەن کوردی جەباری مەعرووف عەبدولغەنی ڕەسافی (1875-1945) بووە، هەرچەندە بۆدواجارو تا ڕۆژی کۆچی دوایی سەججادی،بەماڵەوەدێنە گەڕەکی (سلێخ)ی شاری بەغدا لە نزیك گۆڕەپانی (تەبەقچەلی) کە نزیك دەبێت لە ماڵی چەند کەسایەتییەکی ناسراوی کوردوعەرەبی عێراق وەك دکتۆرئیحسان شێرزادو بنەماڵەی ڕەشید عالی گەیلانی کە لەهەمان ناوچەبوون[xxv]. بەڵام وەك کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی عەلائەددین سەججادی ئەندامی حیزبی هیوابووەو لە ڕێگەی ڕەفیق حیلمییەوە پەیوەندی پێوەکردوون و تەنانەت لەبەر بەیاننامەیەکی حیزبی هیوا کە داوایان لە سوپای عێراق کردبوو، شەڕ بەرانبەر بەبارزانییەکان ڕابگرێت ،ئیدی فەرمانڕەوابانی عێراق بۆماوەی مانگ ونیوێك لەگەڵ چەند هاوەڵیدا :« بەتۆمەتی هاندانی جەیش بۆیاخیبوون وسەرپێچیکردن لەفەرمانی سەربازی، ڕووبەڕووی سزای قورس ولەسێدارەدان دەکرێنەوەوبەڵام لەبەر تێکەوتنی چەند کەسایەتییەکی وەك جەعفەرئەبوالتمن(1881-1945) کە هاڕێی سوید ئەحمەدی خانەقا دەبێت.لەگەڵ ئەمین زەکی وعەلی کەمال بەگ دوای مانگ و نیوێك زیندانی پێ دادگاییکردن ئازاد دەکرێن»[xxvi].

هەروەها جگە لەوەی کە ئەندامی (یانەی سەرکەوتنی کوردان) بووە لەشاری بەغدا، هاوکات هەر لە ناوەندی چلەکانی سەدەی بیستەم بەدواوە لەگەڵ محەمەد ئەمین زەکی بەگی مێژوونووس وچەند کەسایەتییەکی دیکەی کورددا وەك ئەندامێکی (یانەی سەرکەوتنی کوردان) لە شاری بەغدا، دەخرێنە لیستی دەستەی ڕووناکبیرانی کوردی نزیك لە هیواوەوەو تەنانەت بەوهۆیەشەوە لەگەڵ چەند کەسێکی وەك : عەبدولقادرقەزاز،کاکەحەمەی خانەقا، موکەرەم تاڵەبانی،جوهەرکانەبی دزەیی بۆماوەیەك دەستگیردەکرێن و دواتربەهەوڵێکی زۆر ئینجا ئازاد دەکرێت[xxvii]. ئەوەی جێی سەرنجەو بۆپشت ڕاستکردنەوەی ئەم ڕووداوەش سەججادی خۆی لە دەستنووسێکی زۆر تایبەتیداو لەم بارەیەشەوە نووسیویەتی :« ڕۆژی دوو شەنبەی 19ی نیسانی 1945 لە بەغدا لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە ئیتهام کرام بە قضیەی کوردیەت و گیرام 29 ڕۆژ لە تەوقیف هێشتمیانەوە لە 14ی مایس دا بەرەڵاکرام لەگەڵ هاوڕێکانمدا..»[xxviii].هەرچەندە ئەوانەش دوای ئازادبوونیان داوایەکیی یاسایی پێچەوانەیان دژبە مەعرووف جیاووك باڵەکی کە سەرچاوەی

بەگرت دانیان بووە تۆمارکردووە[xxix].هەروەها لەو دەمانەشدا،کە شێخ مەحموودی حەفید لە شاری بەغدا دەست بەسەربووە (1931-1941) لە ساڵانی کۆتایی دەستبەسەربوونەکەیداو پێش هەڵاتنەوەی بۆکوردستان لەکاتی جولانەوەی رەشید عالی گەیلانیدا، ناوبەناو لە مزگەوتەکەی خۆی (نەعیمە خاتوون)سەردانی سەجادی دەکات، بەچەند ساڵێك دواتریش، کە شێخ مەحموود لەساڵی (1956) بەهۆی نەخۆشییەوە دەچێتە بەغدا سەجادی سەردانی دەکات، لە بارودۆخی دروستی دەپرسێتەوە, هەروەها لەساڵی (1958)بەدواوە، کە مەلامستەفای بارزانیش لە یەکێتیی سۆڤێتەوە گەڕاوەتەوە عێراق و شاری بەغدا بەهەمان شێوە سەردانی سەجادی کردووەو پەیوەندی بەردەوام لە نێوانیاندا هەبووە ووێنەی تایبەت و نامە گۆڕینەوەش لە نێوانیاندا هەبووەو لەکاتی چوارساڵەی دانووستانی نێوان سەرکردایەتی کوردو حکومەتی عێراقدا،سەجادی لە کوردستان سەردانی بارزانی کردووەو نامەگۆڕینەوەی بەردەوام لەنێوانیادا هەبووە[xxx].

شایانی باسە ،لەساڵی 1959دا کە بۆیەکەمجار کتێبی مێژوویی(شۆڕشەکانی کوردو کورد و کۆماری عێراق) لە شاری بەغدا بڵاودەکاتەوە، نوسخەیەکی تایبەت وەك دیارییەك دەنێرێت، بۆ عەبدولکەریم قاسمی سەرۆك وەزیرانی عێراق ئەویش دوای ماوەیەك لە ڕێی سکرتێری نووسینگەی ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی وەزیرانییەوە بۆکاروباری ڕۆژنامەوانی، کە(ساڵح سیراج) بووە، وێنەیەکی تایبەتی خۆی و سوپاسنامەیەکی نووسراو لە ڕێی چاپخانەی مەعاریفەوە دەنێرێت بۆعەلائەددین سەجادی و پیرۆزبایی گەرمی بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی لێ دەکات [xxxi]. کە تەواوی دەقەکەی بەزمانی عەرەبی بەم شێوەیە :« الى الاخ علاء الدين سجادى، تحيات عاطرات : تسلم سيادة الزعيم عبدلكريم قاسم رئيس الوزراء بباالغ السرور هديتكم نسخة من مؤلفكم (شۆڕشەکانی کورد وە کوردوکۆماری عێراق).وسيادته اذ يشكر لكم شعوركم النبيل و يقدر فيكم الجهود التى بذلتموها فى اخراج مؤلفكم بهذه الحلة البديعة، فانه يتمنى لكم من الصميم أن تتحفوا الأدب الكردى بمؤلفاتكم التاريخية فى ظل جمهوريتنا العزيزة الزاهرة. ارسل اليكم برفقة رسالتى هذه نسخة من تصوير سيادة زعيمنا الاوحد مذيلة بتوقيعه و تفضلوا بقبول فائق الاحترام .الرئيس ع.سكرتير رئيس الوزراء لشؤون الصحافة...صالح السراج»[xxxii].جگە لەوەش ماوەیەك لە ڕێی ڕادیۆی کوردی بەغداوە، بەرنامەی تایبەت و وتاری ئایینی وئەدەبی پێشکەشکردووە،هەروەها لەودەمانەشەوە، کە مەلامستەفای بارزانی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسمدا ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە وبەیەکجاری گەڕایەوە کوردستان و ناوچەی بارزان و خەباتی چەکداری دەست پێکرد بەردەوام لەبارودۆخی پرسیوەودیاری خۆی بۆ ناردووە[xxxiii]. شایانی باسە لە بەرپابوونی شۆڕشی 14ی تەمووزی 1958 بەدواوە،کە بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغداکراوەتەوە.عەلائەددین سەجادی لەگەڵ گۆرانی شاعیر، شاکیرفەتاح، جگەرخوێن وسادق بەهائەددین ئامێدی بۆ بەرێوەبەردنی بەشی ناوبراودەستنیشانکراون و سەرەڕای دووکوردی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی وەك دکتۆرعەبدولڕەحمن قاسملوو(عەباسی ئەنوەری) وعەزیزی شەمزینی لەگەڵ هەریەك سدیق ئەتروشی، پاکیزە ڕەفیق حیلمی،ناجی عەباس و جەمال جەلال[xxxiv]. بەجۆرێك سەجادی لەبەشی کوردی کۆلێژی ئەدەبیات و ساڵانێکی زۆر مێژووی ئەدەبی کوردی، ڕەخنەی ئەدەبی ، ڕەوانبێژی و زمانی فارسی وتوتەوە، هەروەها بەشێك لە کتێبەکانیشی وەك بابەتی زانستی و میتۆدی زانستی لەوبەشەدا خوێندراون و لەم ڕووەشەوە مامەڵەی تایبەتیان لەگەڵدا کراوە. سەرەڕای سەرپەرشتیکردنی توێژینەوەی دەرچوونی ساڵانەی خوێندکاران، کە تاوەکو ئێستاش بەشێکی زۆر لەوتوێژینەوانە لەنێو نامەخانەو دەستنووسەکانی سەجادیدا ماوون، لەنێویاندا توێژینەوەی هەردوو خوێندکاری شەستەکان وحەفتاکانی سەدەی ڕابووردووی وەك دکتۆرە کوردستان گیوی موکریانی ودکتۆر وریا عومەرئەمین، کە لەساڵانی دواتردا هەردووکیان خوێندنی باڵایان تەواوکردو بوون بەمامۆستای زانکۆ. بەڵام شاعیرێکی وەك جگەر خوێن دیارە ناسین ونامەگۆڕینەوەی نێوانیان دەگەڕێتەوە بۆڕۆژگاری گەلاوێژو لەساڵی (1957)دا وێنەیەکی یادگاری خۆی پێشکەش بەسەجادی کردووەو وەك یادگارێك بۆی نووسیوە:«بوسیدای مزن وناقدارڤ ئاینا خوە پێشکەش دکم هیڤدارم سیدای علاءالدین بدیاری ورگری. ئەڤ ئاینە 1957 دەرچویە». جگە لەوانەش لەساڵانی دواتردا دەستنووسێکی وەرگێردراوی مەردۆخی بەناونیشانی(بنەچەی بنەماڵەی مەردۆخی- سەنەوی)، کە مەلاجەمیل جەمیل ڕۆژبەیانی لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی وبەماوەیەك پێش ئەوەی مەلا جەمیل بچێتە ریزی شۆڕشی کوردستانەوە لە (1963/1/18)،وەك بەرهەم و دیارییەکی خۆی ئەو دەستنووسەی پێشکەش بە عەلائەددین سەجادی دەکات وبەزمانی بە عەرەبی لە سەربەرگی دەستنووسەکە نووسراوە :« منشاألأسرة المردوخية(السنوية)، فصل من كتاب تاريخ مردوخ عربه من الفارسية وأضاف اليه م.جميل بندى الروزبيانى» هەروەها دواتریش مەلاجەمیل هەر بەئیمزای خۆی بۆعەلائەددین سەجادی نووسیویەتی:« حضرة الفاضل العلامة الاديب الشيخ علاء الدين سجادى المحترم مع رداءة النسخة وكثرة أغلاطها للذكرى 1963/1/18»[xxxv]. بەڵام لەوساڵانەشدا کە سەجادی مامۆستای بەشی کوردی بووە لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا, لەکاتی بەستنی یەکەمین کۆنگرەی مامۆستایانی کورددا، کە لە 10ی ئەیلوولی 1959، لە شەقڵاوە بەڕێوەچووە سەجادی شانبەشانی (21) مامۆستاو ئەدیب و نووسەری کوردی دانیشتووی شاری بەغدای وەك :«ڕەشید کۆیی، نەسرین فەخری، حافز قازی، ئەحمەد عوسمان، ئیبراهیم باڵدار، دکتۆرموراد عەزیزی ڕەزماوەر،عیزەدین مستەفا، محەمەد ساڵح بابان،محەمەد تۆفیق وردی،دکتۆرە پاکیزە ڕەفیق حیلمی ..»[xxxvi].وەك ئەندامی کۆنگرەی مامۆستایانی کورد بەشداریان کردووەو لە ئەنجامداو لەگەڵ (30) ئەدیب ونووسەری دیکەی کورد لەوانە : شاکیرفەتاح، مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی، ئیبراهیم ئەحمەد، کامەران موکری، ئەحمەد دڵزار،گیوی موکریانی، نەسرین فەخری برۆسکەیەکی پیرۆزباییان بۆسەرۆك عەبدولکریم قاسم ناردووە[xxxvii].

بەجۆرێك هەر لەو ڕۆژانەشدا یەکێك بووە لە ئەندامانی : ( لیژنەی زمان و ئەدەبی کوردی). کۆنگرەی ناوبراو،کە بەزۆری لە چەند ئەدیب و نووسەرێکی ناسراوی وەك:« ئیبراهیم ئەحمەد، جگەرخوێن، شاکیرفەتاح، عیزەدین فەیزی، نوری عەلی ئەمین، کەریم زەند، ئەحمەد دڵزار، محەمەدساڵح سەعید،ناهیدە شێخ سەلام،عەونی،پاکیزەڕەفیق حیلمی» پێکهاتبوون[xxxviii]. هەروەها بەماوەیەك پێش بەیاننامەی 11ی ئازاری 1970، وەك هەرنووسەروئەدیبێکی کورد لەڕیزی ئەندامان وئەودەستە دامەزرێنەرەی ئەدیب ونووسەرانی کورد بووە، کە پێکەوە، داواکاریان پێشکەش بەبەرپرسانی حکومەتی عێراق کردووە، سەبارەت بەدامەزراندنی یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی کورد لەوانە » ئیحسان فوئاد،نوری عەلی ئەمین،کاکەمەم بۆتانی،محەمەد مەلا کەریم، جەمال بابان،مارف خەزنەدار،دکتۆرە نەسرین فەخری،حسێن عارف..»[xxxix]. بەڵام کاتێك یەکێتی نووسەرانی کورد لە بەیانی 11ی ئازاری 1970 بەدواوە، دادەمەزرێت کەچی سەجادی نەبووە ئەندامی و نە لە هیچ بۆنەو چالاکییەکیدابەشداری دەکات. هەرچەندە بەماوەیەك دواترو لە ئابی 1970، نامەیەکی تایبەت و هاندەرودەستخۆشی خۆی لە ڕێگەی ئیبراهیم میرانییەوە، کە ئەندامی شاندی دانووستانکاریی سەر بەباڵی مەکتەبی سیاسی پارتی بووە، ئاراستەی مەلامستەفای بارزانی دەکات و تیایدا بەزۆری جەخت لەسەرئەو ڕێککەوتن و یەکگرتنەوەیە دەکات، کە لە نێوان باڵی مەلامستەفای بارزانی ومەکتەبی سیاسیدا دێتەکایەوە، تەنانەت بارزانیش بەنامەو نووسینێکی تایبەت ،وەڵامی نامەکەی سەجادی دەداتەوەو بۆی

دەنووسێت : هەموو شتێك بەدڵی ئێوە دەبێت[xl]. هەروەها لەو قۆناغی چوار ساڵەی دانوستانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کوردوحکومەتی عێراقیشدا سەجەجادی سەرلە ئێوارەی 21ی ئابی 1973 لە بارەگای تایبەتی خۆی لە ناوچەی (حاجی ئۆمەران) سەردانی مەلا مستەفای بارزانی دەکات و بەپێی وێنەو ئەرشیفەکانی سەجەجادی و بنەماڵەی سەجەجادی پێکەوە چەند وێنەیەکی مێژوویی دەگرن[xli]. سەرەڕای ئەوەش عەلائەددین سەجەجادی یەکێك بووە، لە ئەندامانی کاراو دەستەی دامەزرێنەری کۆڕی زانیاری کورد، کە بەبڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە عێراق ژمارە(73)ی ساڵی 1970 بەسەرۆکایەتیی دکتۆرئیحسان شێرزادو ئەندامێتی هەریەك لە :« شێخ محەمەدی خاڵ، مەسعود محەمەد، دکتۆرکەمال مەزهەر ئەحمەد،هەژار موکریانی،دکتۆرعەبدوڵڵا نەقشبەندی، دکتۆرە پاکیزە ڕەفیق حیلمی، دکتۆر عەبدولحەمید ئەتروشی لەگەڵ دکتۆرناجی عەباس»[xlii]. دواتریش هەریەك لە مەسعود محەمەد بۆجێگری یەکەم وعەلائەددین سەجەجادیش وەك جێگری دووەمی سەرۆکی کۆڕی زانیاری کورد دەستنیشان کراون وتیایدا دەمێنێتەوە، تائەوکاتەی لەگەڵ کۆڕی زانیاری عێراق لێکدرانەتەوە، وەك ئەندامێکی کارای کۆڕماوەتەوە[xliii]. جگە لەهەموو ئەوانەش وەك مامۆستا لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا بەردەوام بووە، تائەوکاتەی حکومەتی عێراق یەکلایەنە بنەماکانی بەیاننامەی 11ی ئازاری 1970 بەخواستی کوردوسەرکردایەتی شۆڕشی کورد جێبەجێ نەکردو لە 11ی ئازاری 1974، دووبارە شەڕ لەنێوان هەردوولادا هەڵگیرسایەوە، عەلائەددین سەجەجادیش وەك دەگوترێت دوور لە خواستی خۆی ولەلایەن سەدام حوسێنی جێگری سەرۆك کۆماروحکومەتی عێراقەوە، لەسەر پێشنیارواسپاردەی چەند کەسێکی وەك دکتۆرئەحمەد عەبدولستار ئەلجیواری و دکتۆرموکەڕەم تاڵەبانی لە خولی یەکەمی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستاندا بەپلەی وەزیرکراوەتە ئەمینداریی گشتی کارگێڕی کاروباری ئەوقاف و لە هەمانکاتدا بەزۆری ئامادەی گفتوگۆکانی ئەنجوومەنی یاسادانانیش بووە[xliv]. کە بۆڕاییکردنی کاروباری ناوچەی ئۆتۆنۆمی، ئەنجوومەنێکی جێبەجێکردن (تنفیذی)، کە لەچواردە کەسی جۆراوجۆری حیزبی و سەربەخۆو ئاڕاستەی جیاوازپێکهاتبوون، وەك لە 5ی تشرینی یەکەمی 1974 لەلایەن جێگری سەرۆك کۆماری عێراق تەها محیّدین مەعرووفەوە دەستبەکار بوون[xlv]. بەڵام لەوقۆناغەداوبەپێی گێڕانەوەی ئەحمەد حامید قادر،کە لەسەرباڵی حیزبی شیوعی عێراق بووە بەئەندامی ئەوئەنجوومەنە ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبووە[xlvi].

لەلایەکی دیکەشەوە دەگوترێت، کە گوایە پێشتر شێخ محەمەدی خاڵ (1904-1989) ڕاسپێردراوە، بۆئەوەی پۆستی ئەمینداریی گشتی ئەوقاف وەربگرێت، بەڵام ئەوبەهۆکاری گەورەیی تەمەن و نەخۆشییەوە ڕازی نەبووەو بەهەمان شێوەی ئەوانی دی  ئەمیش پێشنیاری عەلائەددین سەجەجادی کردووە، بەوەی لە ئەو زاناتروگونجاوترە[xlvii]. هەرچەندە لە سەرەتاوە سەرەتا سەجەجادیش ڕازی نابێت و زۆر ڕارادەبێت لە قبوولکردنی پۆستەکە، بەڵام بەپێی گێڕانەوەی موکەڕەم تاڵەبانی, مەلاعەلی فەتحووڵڵا (1912-2001) ئیمام ووتاربێژی مزگەوتی (بەگلەر) لەکەرکووك لەلایەن ئەوەوە، پێشنیاردەکرێت وەك بەدیلی سەجەجادی بۆپۆستی ناوبراو، کەچی بەعس وبەرپرسانی حیزبی بەعس بەتایبەتی سەدام حوسێن لەسەری ڕازی نابن بەوەی لەدەست پێکردنەوەی شەڕبەدواوە لە 11ی ئازاری 1974دا، کوڕێکی بەناوی (حاکم نورەددین)هەوە، پەیوەندی کردووە بەشۆڕشی کوردستانەوە[xlviii].سەرئەنجام عەلائەددین سەجەجادی بۆپۆستی ناوبراوادەنرێت، هاوکات باس لەوەش دەکرێت، کە مەلا مستەفای بارزانیش لەسەرئەم پێشنیاروپۆست وەرگرتنەی سەجەجادی ڕازی بووەو نامەی تایبەتی لەم بارەیەوە بۆناردووە،کە ئەووەزیفەیە قبوڵ بکات[xlix].

لەلایەکی دیکەشەوە دەگوترێت سەجەجادی خۆی بۆبابەکر پشدەری گێڕاوەتەوە« بۆیە ئەو پۆستەم قبووڵ کرد، ترسام لەوەی کە حکومەتی عێراق بە بروبیانووی ئێرانی بوون ڕادەستی بەرپرسانی ئەو وڵاتەم بکەنەوە»[l]. واتە بەم جۆرەش بۆماوەی سێ ساڵی تەواولەم پۆستەیدا ماوەتەوەو بەپێی توانا ماوەیەك خزمەتی کردووە یەکێك لەوانەش بەپێی گێڕانەوەی دکتۆر محەمەد شەریف کە جێگری سەجەجادی بووە لەئەمانەتی ئەوقاف لەسەر ڕاسپاردەو پێشنیاری سەجەجادی حکومەتی عێراق وبەتایبەتی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس بڕیاریداوە، لەسەرئەوەی کە (500) مەلای کورد بەشێوەیەکی فەرمی لەمزگەوتەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستاندا دابمەزرێنێت[li]. هەروەها زۆر هەوڵی خستەگەڕ لەپێناو فراوانکردنی پەرستگەو پەیمانگە ئایینیەکان لەناوچەکەو بایەخی بەمامۆستایانی ئایینی و وتاربێژان داوەو ئەوانەشی دۆخیان خراپبووە دایمەزراندوون[lii]. بەڵام لەسەروبەندی ڕێکەوتنامەی جەزائیری 1975 بەدواوە،کە حکومەتی عێراق بەیاوەری شاندێکی عێراقی و بە سەرۆکایەتیی نەعیم حەداد (1933). ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وخالید عەبد عوسمان سکرتێری لێژنەی باڵای کاروباری باکوور،وەفیق سامەڕائی نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی، ئیسماعیل ڕەسول پارێزگاری هەولێر، کەمال محێدین وعەلائەددین سەجەجادی وەك ڕووناکبیرێکی ناسراوی کوردوئەمینداری گشتی ئەوقافی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان سەردانی تارانیان کردووە، لەوێشەوە چوونەتە نێوکەمپی ئاوارە کوردەکانی عێراق و باشووری کوردستان وتەنانەت عەلائەددین سەجەجادی هەرچەندە نەعیم حەداد داوای لێ دەکات بەڵام ئەو هەرگیز ئامادەنابێت، کە داوا لەکۆمەڵانی خەڵك و پەنابەرە کوردەکانی باشووری کوردستان بکات، بۆئەوەی بگەڕێنەوە عێراق وەك کەمال محێدین، کە یاوەریان بووە لەو سەفەرەیاندا لەم بارەیەوە ئەڵێت سەجەجادی :« بەنەعیم حەدادی وت من ئامادەنیم قسەی خواروخێچ بۆکەس بکەم بۆئەوەی ئاوارەکان بگەڕێنەوە عێراق»[liii].هەروەها لەسەروبەندی ئەو سەردانەیدا، لەبەرئەوەی کە فارسییەکی باشی زانیووە، نەخۆی ونەئەندامانی شاندەکە پێویستیان بەوەرگێرنەبووە، بەڵام محەمەد ڕەزاشاو ئەمیرعەباسی هوەیدای سەرۆك وەزیران،کە زانیویانە کەسێکی وەك عەلائەددین سەجەجادی لە نێوشاندەکەی حکومەتی عێراق دایە شا لەڕێی ئەمیرعەباسی هوەیدای سەرۆك وەزیرانەوە، داوای لێکردووە،کە سەردانی شابکا وئەگەر پێی خۆشبێت لەئێران وزانکۆی تاران بمێنێتەوە، بەڵام سەجەجادی ئەوەی نەکردووەو ڕازی نەبووە لەسەر ئەوداواکارییەی بەرپرسانی ئێران، بەڵام هەرلەڕێی هوەیدای سەرۆك وەزیرانەوە دیاری تایبەت لەلایەن شاوشابانوی ئێرانەوە بۆخۆی وخێزانی نێردراوە لەگەڵ دووپۆسکارتی تایبەتدا، کە تائێستاش لەنێوئەرشیفی خانەوادەی سەجەجادیدا پارێزراون و بەزمانی فارسی لەسەر بەرگی دەرەوەی یەکەمیان نووسراوە :»امیرعباس هویدا نخست وزیر» هەروەها لەسەر دووەمیان جگە لەوەی لۆگۆیەکی فەرمی دەوڵەتی ئێرانی شاهنشاهی بەسەرەوەیە، بەهەمان شێوە لەسەر بەرگەکەی نووسراوە:« اقای علاالدین سجادی»[liv].

جێی وەبیرهێنانەوەیە سەجەجادی دوای تەواوبوونی ماوەی بەرپرسیارێتی وەك ئەمینداریی ئەوقاف وخانەنشینبوونی دووبارە بەماڵەوە لە(گەرەکی خانەقا)ی هەولێرەوە، گەڕاونەتەوە شاری بەغداو لێرەش بەدواوە، لەسەرکاری نووسین و بڵاوکردنەوەی خۆی بەردەوام دەبێت، هەرچەندە دوای دووساڵ و لە ساڵی 1979، کاتێك سەدام حوسێن بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ، دەبێتە سەرۆك کۆمار لەڕێگەی سەرۆکایەتی کۆڕی زانیاری عێراق و وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستییەوە پەیوەندی پێوەدەکرێت، بۆئەوەی وەك کوردێك پۆستی جێگری سەرۆك کۆماری عێراقی بدرێتێ،بەڵام ئەوئەمەش

ناکات وداوای لێبووردن دەکات[lv]. ئاڵەوکاتەی لەساڵی (1982) کوڕە گەورەکەی (دانا)، کە دەرچووی بەشی (بایەلۆجی) کۆلێژی زانستی زانکۆی بەغدا بووە، لەبەرەکانی جەنگی عێراق وئێران دەکوژرێت، لەڕاستیدا ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بارودۆخ وژیانی دەبێت ودەبێتە مایەی ئەوەی تارادەیەکی زۆر لە کاری نووسین وخوێندنەوەی بەردەوامی دووربخاتەوەو ناوبەناویش بەهۆی گەورەیی تەمەن و باری تەندروستییەوە، سەردانی دکتۆروبەتایبەتی نەخۆشخانەی (ابن النفیس) دەکات و بەزۆریش لەلایەن دکتۆرێکی کوردی دانیشتووی شاری بەغدای خەڵکی شاری سلێمانییەوە، بەناوی ئیبراهیم نامیق چارەسەری پزیشکی وەردەگرێت[lvi]. ئاڵەوکاتەی لەڕۆژی پێنجشەممە 13ی کانوونی یەکەمی 1984 لە گەڕەکی(سلێخ)ی شاری بەغدا، لەنێو کتێبخانە تایبەتییەکەیدا، کۆچی دوایی دەکات، شایانی باسە ئیبراهیم میرانی باس لەوەش دەکات هەرئەوڕۆژە زەکیەخانی خانی خێزانی میرانی و سوهیلەخانی خێزانی سەججادی بەڕێکەوت و هەردوو پێکەوە دەچنە بازاڕی ئەعزەمییە (قوماشی خام) دەکڕن بۆ پێداویستی ماڵەوە، کەچی هەر ئەوقوماشی خامە دەبێتە کفنی سەججادی هاوسەری ودواتریش بەئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر بەتایبەتی کوردەکانی شاری بەغدای وەك : دکتۆرمحەمەد شەریف ئەحمەد، دکتۆرمستەفا زەڵمی،مەلاعەبدولکەریم مودەڕیس، مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی،مەسعود محەمەد،کەمال مەزهەر، جەمال بابان، ئەندامانی دیکەی کۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی کورد) ومامۆستایانی بەشی کوردی کۆلێژی پەروەردی زانکۆی بەغدا، لەگۆڕستانی (شێخ عەبدولقادری گەیلانی )نێژراوە[lvii].

هاوکات سەرلەبەیانی ئەوڕۆژە زۆر بەدڵخۆشییەوە، بەیاوەری ئیبراهیم میرانی وەك پێشتر سەردانی خەستەخانەی (ابن النفیس) دەکات ولەلایەن دکتۆر ئیبراهیم نامیقەوە ئیکۆو پشکنینی پێویستی بۆدەکا، هەروەها دڵنیایی تەواوی دەداتێ، بەوەی کە باری تەندروستی زۆرباشەوە[lviii]. هەربۆیە لەوێشەوەو بەمەبەستی بینینی هاوەڵانی و وەك ماڵئاوایی کردنێك و وەك ئەوەی بەدۆستان وهاوڕێیانی بڵێ وامن دەمرم و بەجێتان دێڵم ، سەردانێکی کۆڕی زانیاری عێراق دەکات لەوەزیرییە، وەك ئیبراهیم میرانی ئەڵێ :« ئاگام لێ بوو لەوێ جگەرەیەکی کێشاو پاشان گەیاندمەوە ماڵەوە، تەنانەت ئەوەشی پێی وتم کە دواتر هەرلەماڵەوە سەردانی بکەم بەوەی ڕاسپاردەیەکی هەیە کەچی بەداخەوە، فریای ئەوە نەکەوتم وبەوشێوەیە سەری نایەوە»[lix]. ماوەتەوە بڵێین عەلائەددین سەججادی وێڕای بڵاوکردنەوەی (116) ژمارەی گۆڤاری گەلاوێژ لە ساڵانی(کانوونی یەکەمی 1939- ئابی 1949)دا، بەهەماهەنگی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەدو لەچاپدانیان لە دووتوێ (99) بەرگی سەربەخۆدا[lx]. شانبەشانی ئەوەش بڵاوکردنەوەی (22) ژمارەی گۆڤاری نزار بەزمانی کوردی و عەرەبی لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراق و داگیرکەرانی بریتانیاوە لە14ی ئابی 1949دا بڕیاری داخستنی 237 گۆڤارو ڕۆژنامەی عێراقییان دەرکرد لە نێویاندا گۆڤاری گەلاوێژ ونزار بووە[lxi]. شانبەشانی کاروپیشەی ڕۆژنامەوانی و پرۆژەی کتێبی ناوازە، سەججادی توانیویەتی کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری ئەدەبی ومێژوویی و ڕووناکبیری لەگۆڤارو ڕۆژنامەکانی قۆناغ و سەردەمی خۆیدا بنووسێت وبڵاوبکاتەوە لەوانە : گۆڤاری گەلاوێژ،ژین، نزار،ڕۆژی نوێ وکۆڕی زانیاری کورد وئۆتۆنۆمی[lxii]. سەرەڕای لە چاپدانی دەیان کتێبی ناوازە لەبواری ئەدەب،مێژوو،زمان،ڕەوانبێژی وفۆلکلۆری کوردییدا.

## بەشی دووەم :

## توێژی دەستەبژێری گەرمیان وناوچەی خانەقی لە گۆڤاری گەلاوێژدا 1939-1949

### یەکەم / پێشینەیەکی مێژوویی ڕووناکبیری:

لە سەروبەندی بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی بەدواوە، لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك گۆڕانکاریی گەورەو وەرچەرخانی مێژوویی گەورەی هێنایەکایەوە، بەتایبەتی سەبارەت بەدارشتنەوەی نەخشەی سیاسی ناوچەکەو سەرهەڵدانی کۆمەڵێك کیان ودەسەڵاتی جۆراوجۆر وەك میراتگری ئەو ئیمبراتۆریەتەی کە ساڵەها بوو فەرمانڕەوایەتی تەواوی ناوچەکەی دەکرد بە کوردستانیشەوە، هەروەها کاریگەریشی لەسەر دووبارە دارشتنەوەی ژیان وسەربووردەی هەموو ئەوکەسایەتی و پەرلەمانتارو ئەفسەرە سەربازییانەی نێوریزەکانی سوپای عوسمانی وگەڕانەوەیان بۆوڵات وناوچەکانی پێشتری خۆیان کە لەژێردەسەڵاتی عوسمانیدا بوون و هەریەك لە وانەش بەشێوازی جۆراوجۆر لە کاروباری دەوڵەت وادمودەزگای دەوڵەتی عوسمانیدا کاریان دەکرد، وەك ئەوەی لە عێراق و باشووری کوردستاندا بەڕادەیەکی بەرچاو سوود لە ئەزموونی سیاسی و کاروباری ئیداریان وەرگیراوە، هەروەها لە دووبارە بونیادنانەوەی جومگەکانی دەسەڵاتی عێراق و ناوچە کوردنشینەکانیدا کاروباری هەستیاریان کەوتۆتەدەستەوە هەرلەدەسەڵات وحکومداریەتی یەکەمی شێخ مەحموود لەشاری سلێمانی و دەوروبەری، تادەگاتەوە دامەزراندنی سیستمی نوێی پاشایەتی لەعێراق سەردەمی فەرمانڕەوایەتی بریتانیاو شافەیسەڵی یەکەمدا،بەجۆرێك ژمارەیەکی زۆر لە توێژی خوێندەوارو دەستەبژێری عێراق و کوردی باشووری کوردستان هەرزوو لەنێوەندی دامودەزگای ئیداری، سەربازی،پەروەردەیی و ڕووناکبیریی گشتیدا جێگای خۆیان کردەوە، بەڕادەیەك دەتوانین لەنێوکۆمەڵگای کوردی باشووری کوردستاندا ناوی دەیان کەسایەتی جۆراوجۆردەستنیشان بکەین، کە بەزۆری لە بواری سەربازی، ڕووناکبیری و ڕۆژنامەوانی کوردی وعەرەبیدا کاریان کردبێ و بەڕوونی شوێن دەستیان دیاربێت لەنێویاندا پیرەمێرد،جەعفەر عەسکەری،بەکر سدقی،محەمەد ئەمین زەك،مستەفا پاشای یاموڵکی،ساڵح زەکی ساحێبقران،تۆفیق وەهبی، مەعرووف جیاوك باڵەکی،ڕەشید شەوقی ودەیانی تر.

شایانی باسە لەسنووری کەرکووك وناوچەی گەرمیانیشدا، کۆمەڵێك کەسایەتی و ئەفسەری سەربازی، کە پێشتر لە کاروباری دەوڵەتی عوسمانیدا، خزمەتیان کردبوو، هەروەها لەگەڵ گەڕانەوەیاندا بۆوڵات وناوچەکانی خۆیان، توانراوە، بۆجارێکی دیکە و لەبواری جۆراوجۆردا سوود لە ئەزموون وتوانایان وەربگیرێ وببنە هەڵسوڕێنەرو دینامیکیەتی سەرەکی کاروباری ڕێکخراوەیی وپەروەردەیی لەنێویاندا کەسانی وەك ڕەفیق حیلمی، تۆفیق ئەفەندی (1847-1886)،ڕەئوف بەگ جەلالی(1895-1957)،خەڵەف شەوقی(1898-1939)،عومەر نەزمی(1893-1978)، بەجۆرێك هەریەك لە مانەش لەبوارەکانی : ئیداری، پەروەردەیی، سیاسی، سەربازی و ڕۆژنامەوانیدا کاریان کردووەو لە هەمانکاتیشدا بۆنەوەکانی دواتری ناوچەکە بوون بەڕێنیشاندەرو ئاڵەوکاتەی هەنگاوی زیاترو گەرموگوڕتری بەدواداهاتووە، بەتایبەتی لە بوارەکانی سیاسی وڕووناکبیرییداو ئیدی ئەوکاروانەش نەبڕاوەتەوە، ئاڵەوکاتەی بەدوایاندا کاروچالاکی جیاجیای سیاسی و فەرهەنگی بە دواداهاتووە لەوانە گەیشتن و بڵاوبوونەوەی ڕێکخستنەکانی حیزب وڕێکخراوەکانی وەك (کۆمەڵەی پشتیوان) و(حیزبی خۆیبوون) لە ساڵی 1927، بەتایبەتی لەسنووری کفری وخانەقی، کە لەڕێگای کەسایەتییەکانی وەك ڕەئوف بەگ جەلالی،خەڵەف شەوقی وحاجی ئیبراهیم بەگی جاف[lxiii]. دواتریش ڕێکخراوی نهێنی (ئازادی کوردستان) لەسنووری گەرمیان وکفری ودەوروبەری،کە لەدیارترین ئەندامەکانی حەمەبەگ جاف، شێخ جەمال تاڵەبانی،مەلاسەعیدی مفتی کفری،وەستا ساڵحی جلدرو،تۆفیق ئاغای گلاڵی و مەلامحێدین مەلاسەعیدی زەلزەلە بوون[lxiv].جگە لەوەش کەسێکی وەك حەمەبەگی جاف کاتێك لە ساڵانی (1928-1930)، کە نوێنەری لیوای کەرکوك (کفری)بوو، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەردەمی پاشایەتیدا، بەهاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ چەند پەرلەمانتارێکی تری کورد لەنێویاندا مەعرووف جیاووك داوای مافی

ڕۆشنبیری وزانستیان بۆناوچەکوردنشینەکانی کوردستان کردووە، هەروەها لە ساڵی (1929) حمەبەگی جاف لەوانەبووە، کە لەنێو(یانەی فەرمانبەرانی شاری کەرکووک) ڕووبەڕووی سەرۆك وەزیرانی عێراق جەعفەر عەسکەری بووەوتەوەو هەمان داواکاری خستۆتە بەردەست و هەریەك لە سەید محەمەدی جەباری و سەید ئەحمەدی خانەقاش پشتگیریان لێکردوە، تەنانەت هەربەهەوڵی ئەویش بووە، کە لە ساڵی خوێندنی(1931-1932)دا، یەکەم قوتابخانەی سەرەتایی لەکەلاردا کراوەتەوە، هاوکات یەکەم کەسیش بووە، کە لەوساڵەدا یەکەم کچی خۆی بەناوی (ئەختەر)هوە خستۆتە بەرخوێندن[lxv].

لە بواری نووسین و بڵاوکردنەوەش، لە گۆڤارو ڕۆژنامەی فەرمیداو بەتایبەتی پێش دەرچوون و بڵاوبوونەوەی (گۆڤاری گەلاوێژ) شاعیران و نووسەرانی وەك جەمالەدینی کوڕی ڕەشید بەگی بابان (1893-1966)و عومەرنەزمی ئەفەندی (1897-1978) لەوانە بوون، کە یەکەم گۆڤاری (بانگی کورد)یان لە ساڵی (1914)دا، لەشاری بەغداو بەزمانی کوردی و تورکی بڵاوکردۆتەوەو هەردووکیشیان لە دامودەزگای دەوڵەتدا گەیشتنە پلەی وەزیر، بەڵام بەهۆی بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە گۆڤاری ناوبراو زۆر درێژەی نەکێشاو تەنها پێنج ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە[lxvi]. دواتریش ناوی هەریەك لە سەید سلێمان ئەفەندی بەڕێوەبەری شارەوانی خانەقی و مەلاجەمیلی کوڕی ئەحمەدی ڕۆژبەیانی دێت لەبواری نووسین و بڵاوکردنەوەدا، بەجۆرێك یەکەمیان شیعرو داهێنانی خۆی ڕەنگە بۆیەکەم بووبێت جارێت ! کە لە ژمارە (7)ی گۆڤاری (دیاری کوردستان)ی 18ی حوزەیرانی 1925دا، لە شاری بەغدا بڵاوکردبێتەوە[lxvii].هەروەها بەماوەك دواترمەلاجەمیلی ڕۆژبەیانی (1913-2001) لە شاری کفرییەوە، بۆیەکەم جار بابەتی خۆی، کە بریتی بووە لەپارچە هۆنراوەیەك بەناونیشانی (جواب بۆهەڵهێنی کانی) لە گۆڤاری (ڕووناکی) ژمارە (11)ی 16ی مایسی 1936دا بڵاوکردۆتەوە[lxviii].

هەرچەندە بەزمانی عەرەبی و لە شارێکی ئاوەدانی وەك خانەقی دا، هەنگاونان بۆکاری نووسین و داهێنان ڕەوتێکی بەردەوامی بەخۆیەوە بینیوە، بەوەی هەر لە مێژەوە نووسەرێکی ناسراوی وەك عەبدولمەجید لوتفی(1904-1992) هاتۆتە مەیدان و یەکەمین بەرهەمی شیعری و پەخشانی خۆی وەك کتێب بە ناونیشانی :(أصداء الزمن) لە ساڵی 1936دا بڵاوکردۆتەوە، دواتریش بە بەردەوامی بەرهەمی جۆراوجۆری خۆی سەرەڕای نووسینی وتاری فیکری و سیاسیی درێژە پێداوەو بەباشی گەیشوەتە دەستی خوێنەرو دەستەی ڕووناکبیریی عێراق بە عەرەب و کوردییەوە[lxix].سەرەڕای ئەوانەو شانبەشانی بڵاوبوونەوەی گۆڤاری گەلاوێژ پارێزەرێکی ناسراوی وەك محەمەد بابان (1916-1999) کە لە بابانەکانی شاری کفری و دەبێتە کوڕی جەمیل بەگی کوڕی مەجید پاشای بابان، لە سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانی (1939-1945)دا، کە فەرمانڕەوایانی بریتانیا بەهاوکاری دەستەیەك لە ڕووناکبیرانی کورد لە شاری بەغدا گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)یان بڵاوکردوەو بۆدوای جەنگیش کە فەرمانڕەوایانی بریتانیا بەپێویستیان نەزانیوە درێژە بەبڵاوکردنەوەی بدەن ،هەربۆیە مێژووناسی کورد حوسێن حوزنی موکریانی لە ڕێگای وەزارەتی ناوخۆی عێراق سەردەمی پاشایەتیەوەو دوور لە دەسەڵاتی بریتانیا درێژەی بەدەرکردنی خولێکی نوێی ڕۆژنامەی (دەنگی گێتی تازە) وەك ڕۆژنامەیەکی فەرمی داوەو هاوکات پارێزەر فایەق تۆفیق بووە بەخاوەنی ئیمتیازی و مێژوونووسی ناسراو حوسێن حوزنی موکریانی وەك بەڕێوەبەری کارگێری وسەرنووسەری ڕۆژنامەکە وهاوکات پارێزەرمحەمەد بابانی کوڕی جەمیل بەگ بابان وەك بەڕێوەبەرو بەرپرسی ڕۆژنامەی ناوبراوکارەکانی ڕاییکردووە[lxx].

**دووەم/ بڵاوبوونەوەی گۆڤاری گەلاوێژو ڕەوتی ڕووناکبیریی کوردی لە سنووری گەرمیان وناوچەی خانەقین**

وەك دەبینین بەزمانی کوردی و بەماوەیەك پێش بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانی و بڵاوبوونەوەی یەکەمین ژمارەی (گۆڤاری گەلاوێژ)، لە(کانوونی یەکەمی 1939)، ڕەوشی کاری ڕۆژنامەوانی وبواری نووسین وبڵاوکردنەوە، لەبەشی باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی وناوچەی گەرمیان وسنووری شاری خانەقی بەتایبەتی گۆڕانکارییەکی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت، لەبەرئەوەی لەم ماوەیەوە،کۆمەڵێك شاعیرونووسەری ناسراوی کوردو ناوچەکە نووسین و بەرهەمی جۆراوجۆری خۆیان تیایدا بڵاوکردۆتەوە، کە دەکرێت لەم بارەیەوە ناوی دەیان نووسەرو شاعیری ناسراوی ناوچەکە دەستنیشان بکەین، کەبەزۆری لەژێرکاریگەریی سەججادی و تارادەیەکی زۆر پەیوەندییان لەگەڵ عەلائەددین سەججادیدا وای کردووە، کە بەشێوازێکی مەیدانی نووسین وشیعرو بابەتی جۆراوجۆری خۆیان لەڕێگەی ئەم گۆڤارە نۆبەرەیەوە(گەلاوێژ)،کەلەلایەن گۆرانی شاعیرەوە ئەم ناوەی بەبەردا براوە، بە بەردەوامی بڵاوبکەنەوە لەوانە :شێخ ئەحمەدی شاکەل،شێخ بابەعەلی بێدار،مەلائەحمەد دەککە، مستەفا نەریمان،مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی، محەمەدئەمین بەگ جاف،حەبێ خانی کەریم بەگ جاف، محەمەد سەعیدجاف،موکەڕەم تاڵەبانی،مەلائەحمەدی زەنگەنە،سامی عەلی دەلۆیی،سابیرحاجی فەتحووڵڵای عەتار،مەلاجەمیل مەلابرایم (جیمۆبێناو)،محەمەدئەحمەد قەرەداغی (پشکۆ).

شایانی باسە بەرپرسانی گۆڤاری گەلاوێژو بەتایبەت عەلائەددین سججادی، یەکێك لەوکارانەی کردوویانە بۆزیاتر ڕایکردنی کاروباری گۆڤارەکە و پێکەوە گرێدانی نووسەران و خوێنەرانی گۆڤارەکە بووە، بەباوەڕ پێوەکراوەکانییەوە، لە زۆربەی زۆری شارەکانی باشووری کوردستان و وڵاتانی دەوروبەرەوە، کە ئەمەش بۆخۆی دەرگایەك بووە، بۆئەوەی بەئاسانی بتوانن، هاوکاری وپارەی هاوبەشەکانی لەزۆربەی شارو شارۆچکەکانی باشوورو تەنانەت ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی وەك تاران (ئیبراهیم وەکیل)،کرماشان (ئیبراهیمی نادری)، سنە (شەهابەدین موحی) بەئاسانی کۆبکەنەوە، هەروەها گۆڤارەکەش بە باشی لەڕێگای(کتێبخانە) و (نامەخانە)و(کۆگا)کانی ئەوانەوە، بەسەر خوێنەران و بەشداربووانیدا دابەش بکرێت، بۆنموونە لە عێراق وباشووری کوردستان، سەرەڕای شاری بەغدا(گۆڤاری گەلاوێژ) و بەڕێوەبەرانی لەسەروبەندی بڵاوبوونەوەیدا باوەڕپێکراوی تایبەت بەخۆیان لەزۆربەی شاروشارۆچکەکانی : سلێمانی،هەولێر،کەرکووك، حەبانیە،مووسڵ، هەڵەبجە،کۆیە،ڕەواندز،ئاکرێ هەبووە، هەروەها لە گەرمیان و نێوشاری خانەقیندا باوەڕپێکراوەکانی گۆڤاری گەلاوێژ لە هەردوو شاری : خانەقی و کفری دابوون، بۆنموونە لەشارێکی وەك کفریدا سابیر حاجی فەتحووڵڵای عەتارو لەشاری خانەقیشدا هەریەك لە مەلاعارفی عەتارو سەید ئیبراهیمی عەتاروعەبدولعەزیزی نورمحەمەد (پشتیوان) لەباوەڕ پێوەکراوەکانی گەلاوێژوگۆڤارورۆژنامەکانی تربوون[lxxi].

شانبەشانی ئەوەش هەریەك لەوانەی ئاماژەیان بۆکرا، لە ئەندامەچالاکەکانی (حیزبی هیوا) بوون.بۆنموونە سابیری حاجی فەتحوڵلا لەشاری کفری ناوەندی ئەوکاتەی گەرمیاندا، بەیەکێك لەکۆڵەکەکانی کوردایەتی (هیواوپارتی)دادەنرێت و لەساڵی 1939 بەدواوە، لەگەڵ مەلاسەید حەکیم خانەقی و چەندکەسێکی تردا، پەیمانیان بەست، دژ بەسیاسەت وپاسای تەمویی حکومەتی عێراق چانەخۆنەوە ، سەرەڕای ژیانی زیندانی و دوورخراوەیی بۆ باشووری عێراق، لەگەڵ ئەوەشدا بۆماوەی (20)ساڵ باوەڕپێکراوی گۆڤارورۆژنامەو بڵاوکراوە کوردییەکان بووە لە شاری (کفری)[lxxii].سەرەڕای باوەڕپێکراوی گۆڤاری گەلاوێژ لەگەڵ ئەوەشدا نووسینی خۆی لە گەلاوێژدا بڵاوکردۆتەوە، وەك لە نووسینێکیدا، کە جۆرێك لە هوشیارکردنەوەو

ئاڕاستەکردنی کۆمەڵانی خەڵکی تیا بەرجەستە دەبێت، بۆزیاتر خوێندنەوەو هاوکاریکردن و پاراستنی گۆڤاری گەلاوێژوبایەخ وتایبەتمەندی ئەم گۆڤارە بۆ ڕووناکبیران و خوێنەرانی کورد بەناونیشانی :«سوپاس بۆئەم گەلاوێژەو خوێندەوارانی» وەك لەسەرەتای وتارەکەیدا، سەبارەت بە کفری نووسیویەتی :«ئەم شارەی ئێمە هەرلەزەمانی زووەوە گەلێ ناوداری تێدابووەو هەڵکەوتوە. بەخاك و ڕەگوڕیشەوە کورد بوەو بە کورد ناسراوە. بەتایبەتی چ شاری وچ کۆچەری لەهەموو دەمێکا فیدا کاربوون بۆپێشکەوتنی خوێندەواری و بڵاوکرنەوەی سەقافەت..» جگە لەوەش سابیر حاجی فەتحووڵڵای باوەڕپێکراوی کفری لەبارەی گۆڤاری گەلاوێژەوە نووسیویەتی:« خوێندەواریمان پیشان ئەدا، مێژووی ڕابردوومان بۆئەگێڕێتەوە، ئەدەبیاتی قەومەکەمان بۆدەرئەخات، قەڵەمی نووسەرەکانمان بۆئەخاتەکار، چیرۆك وئامۆژگاری کۆمەڵایەتیمان دێنێتەوە بیر»[lxxiii]. لەگەڵ ئەوەشدا خۆی ڕووئەکاتە کوڕگەلی کوردو بەزمانی هاندان و ئامۆژگاریکردنەوەو ستایشی گۆڤاری گەلاوێژدەکات و پێمان ئەڵێ :« کوڕی کورد گەلاوێژ لە تۆوە بۆتۆیە لە کوردەوە بۆکوردە، ڕووی تێکەو ئابوونەو یارمەتی بدە بابژی. بیخوێنەوەو خوێندەواربە، خوێندەوار زانایە،زانا دانایە، دانا لەڕیزی پێشەوەیە، نەمر ئەو کەسەیە هەوڵ بدات بۆئەوەی تیرەیەکی نەخوێندەوار بکات بەخوێندەوارو تۆوی یەکێتی بڵاو بکاتەوە«[lxxiv]. لە نووسینێکی تریدا کە هەرلە گەلاوێژی ژمارە (2)، ساڵی هەشتەم و شوباتی 1947دا بڵاوی کردوەتەوە بەناونیشانی:« بۆئابوونەکانی کفری» کە تیایدا زۆر بە ڕاشکاوییەوە، ڕەخنە دەگرێت و بۆ بەشداربووان و ئابوونەدەرانی گۆڤاری گەلاوێژ لە سنووری شاری کفری و دەوروبەری نووسیویەتی : « تائێستا چەند جار بۆ پارەی کۆن و تازەی گەلاوێژ ڕووم لێنان، هەندێکتان هەرجارەو بەجۆرێك وەرامتان ئەدامەوە.جارێ باهەموو ئەوەبزانن، کە بەشایەتی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی عێراق و دەرەوەی ئەم گۆڤارەی ئێمە ئیمرۆ تاقە دەسمایەیەکی خوێندەواری و ڕێ پیشاندەرێکی کۆمەڵایەتییە، هەندێکی وام پێ شك دیت لەبەرئەوە (250)فلس ئابوونەی زیادی کردووە، خۆی لێ کێشاوەتەوە، ئەمەش زۆرشوورەیی بوو،چونکە ئەگەر وەکومن ئاگاداری چاپکردنی گەلاوێژ بونایە ئەوخەیاڵە بەدڵیانا نە ئەهات»[lxxv].

لەلایەکی تریشەوە ئەوەیان بیردەخاتەوە، کە گۆڤاری گەلاوێژ پێشوەخت لەوبارەیەوە ئاگاداری کردبوونەوەو لەوبارەیەوە دەنووسێت :« گۆڤاری گەلاوێژ لە پێش وادەدا ئاگاداری ئەم کەین و بەینەی کردن و دووجاریش بڵاوی کردەوە : یەکێ ئەیەوێ لە ئابوونە دەرچێ تاسەری ساڵ ئاگادارمان بکاتەوە، ئەگەر نەی کرد بەئابوونە ئەناسرێ، ئەم ڕێ پیشاندانە بەم ئاسانییە وابزانم هەر لەدەست گەلاوێژ دێت». لە کۆتایی وتارەکەشیدا باوەڕپێکراوی کفری ئەوە بیری کۆمەڵانی خەڵك و هاوبەشەکانی گەلاوێژ دەخاتەوەو بۆیان دەنووسێت:« ئێستاش تکا ئەکەم هەرکەس ئابوونەی خۆی بەبێ گیروگرفت بداو نەیخاتە ئەوە بەهۆی ئێمەوە گەلاوێژ ناویان بڵاوکاتەوە..»[lxxvi].

سەبارەت بەشاری خانەقی وجوانی و دڵگیری ئەم شارەی باشووری کوردستان ، سەرەتا گۆڤاری گەلاوێژو بەتایبەتی عەلائەددین سەججادی بەڕێوەبەری ئیدارەونووسینی ئەم گۆڤارەو لە پێشەکی پارچە شیعرێکی زێوەری شاعیردا، بەناونیشانی (شارێکی کوردستان خانەقین)، کە بەپەسنی ئەم شارەو بەکورتی مێژووی ئەم شارە دەگێڕێتەوە،لەبارەیەوە نووسیویەتی:« خەیاڵی خاوێنی بەرزی مامۆستا (زێوەر) لێرەدا دیمەن و چۆنیەتی شارە دڵگوشادەکەی شاری خانەقیمان پیشان ئەدات، کە بە بیری وردی لە سەر زەمینە زێڕینەکەی دواوە، شعوری شاعیر شاباشی گەوهەری خەیاڵی بەسەر ئەوشارەی کوردستانا کردووە، ویستوویەتی ناوی ناوداری، بەدیمەنی دڵداریەوە، لەسەر لاپەڕەی مێژوو خۆشخوانی بکات، لەگەڵ ئەوەشدا شارە کوردە شانشینەکەی کوردستان، کە خاکی خەمڕەوێنی (خانەقین) لە سەدەی (13)هەمی پاش میلادەوە بەخاکی کورد، ئاوی کورد،هەوای کوردو دەستکردی کورد و دانیشتوانی کوردی داڕێژراوە، کوردی بەکوردی تیا ژیاوەو تیا نێژراوە«[lxxvii].

دوابەدوای ئەووەسفەش سەبارەت بەشاری خانەقی شیعرەکەی زێوەری شاعیر لەگۆشەی (دیوانی گەلاوێژ) دا بڵاوکراوەتەوە :

جەنەتە بێ شەبهە شاری خانەقین ... ئاوی ئەڵوەندیشی وەك مائی مەعین..تاد[lxxviii]

لەکاتێکیشدا کە باس لە باوەڕپێکراوەکانی گۆڤاری گەلاوێژ لە شاری خانەقی وەك : سەید ئیبراهیمی عەتار، مەلاعارفی عەتاروعەزیزی نورمحەمەد بکەین ،هەرچەندە ئەمانە تاڕادەیەك خوێندەوارترو ئاسۆی بیرکردنەوەو دونیابینیان زیاتر دەوڵەمەندتر بووە، لەسابیری حاجی فەتحووڵڵای کفری کەچی وەك نووسین و بابەتی بڵاوکراوە، لەوقۆناغەی،کە گۆڤاری گەلاوێژی تیابڵاوکراوەتەوە، ئەوەی پێ بزانین و بە دواداچوونی وردمان لە بارەوە کردبێت، تائەوکاتەو بگرە ساڵانی دواتریش جگە لە عەزیز پشتیوان لەکاروچالاکی سیاسی و ڕێکخراوەیی هیچ بەرهەم و نووسینێکی ئەوتۆیان نەبووە، کەچی بەپێچەوانەوە، ئەمانیش وەك سابیر حاجی فەتحووڵلا لەبواری سیاسی وکاری ڕێکخراوەییدا، کەسانی چالاك وبەزۆری لەڕیزەکانی حیزبی هیواوڕزگاری و هەروەها لە دامەزرێنەران وئەندامە پێشەنگەکانی پارتی دیموکراتی کورد بوون و تەنانەت لەوڕێگایەو بەوبۆنەیەشەوە :«بەڕێوەبەری ئیدارەو نووسینی گەلاوێژ عەلائەددین سەججادیان» زۆر لەنزیکەوە ناسیووەو نەك هەرئەوە بەڵکو هەریەك لە مەلاعارفی خانەقینی و سەیدئیبراهیمی عەتار لەبەرئەوەی هەردووکیان بەڕەسەن لە کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت سنەیی و ناسیاریی و ئاشنایەتییەکی زۆر نزیکیان لەگەڵ سەججادیدا هەبووە، تەنانەت مەلاعارفی خانەقی بەساڵانێك دوای هەڵوەشانەوەی هیواو داخستنی گۆڤاری (گەلاوێژ) و(نزار) لەساڵی 1949، لەلایەن حکومەتی پاشایەتی عێراقەوە[lxxix].مەلاعارف بەهەوڵوکوششی بەردەوامی عەلائەددینی سەججادی لە ڕێگەی ئەوقافی عێراقەوە وەك ئیمام و وتارێژی مزگەوتی(مەجید بەگ) لەخانەقی دامەزراوە، بەجۆرێك وردەکارییەکانی ئەم سەربووردەیە مەلاعارفی مەلایەحیا خۆی بەوردی لە چوارچێوەی دەستنووس ویادداشتەکانیدا باسی لێوەکردووە[lxxx].

جگە لە هەمووئەوانەش خوێندکارێکی کۆلێژی (حقوق)و ڕووناکبیرێکی وەك ڕەشید باجەڵان سەرەڕای ئەوە وەك نوێنەری حیزبی هیوا سەردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شاری مەهابادی کردووەو لەوێشەوە چاوی بەقازی محەمەدی سەرۆك کۆماری میللی کوردستان کەوتووە، هەروەها لەساڵی (1943)، کە گەرمەی جەنگی دووەمی جیهانی بووەو هێشتا کە خوێندکاری کۆلێژبووە لەبەغدا، وەك نوێنەری هیواو سکرتێری باڵای حیزب ڕەفیق حیلمی بەهەمان شێوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەردانی وڵاتی شامی کردووە، سەرەتا چاوی بەشاعیری ناسراو قەدری جان و جەلادەت بەدرخان کەوتووە، پاشان بەیاوەری نورەدین زازا نامەیەکی سەرۆکی حیزبی هیوایان گەیاندۆتە دەستی کامەران بەدرخان پاشا لە بەیروت، کە لەوماوەیەدا بەزۆری سەرگەرمی کاری ڕاگەیاندن ورۆژنامەوانی کوردی بووە[lxxxi]. بەجۆرێك هەرئەم سەردانەشی بووە بەمایەی نزیك بوونەوەیەکی ئەوتۆ کە هەر لەڕێگای ڕەشیدی باجەڵانەوە،بڵاوکراوەکانی (خۆیبوون) بگاتە شاری بەغداو هەر لەڕێگەی ئەمیشەوە لە نێوەندی ڕووناکبیریی کوردییدا، لە عێراق و باشووری کوردستان بڵاوبێتەوە، هاوکات لە ڕێی عەلائەددین سەججادی و گۆڤاری گەلاوێژەوە، کۆمەڵانی خەڵکی لێ ئاگاداربکرێتەوە، بەمەستی بەشداربوون لەبڵاوکراوەکانی حیزبی خۆیبوونی وەك « گۆڤاری ڕوناهی ورۆژنامەی ڕۆژانو»، گۆڤاری گەلاوێژیش بۆ ئەم مەبەستە (ئاگادارکردنەوە)یەکی بۆخوێنەران و ڕووناکبیرانی کورد

بڵاوكردۆتەوە، وەك لە دەق ئاگاداركردنەوەكەیاندا هاتووە :» گۆڤاری ڕوناهی ورۆژنامەی ڕۆژانو بەزمانی كوردی بۆتانی لە وڵاتی سوریەو لبنان دەرەچن، پێویستە هەموو كوردێكی خوێن گەرم خۆی لە ڕووناكی ئەم دووچرایە بێبەش نەكا، ئابوونەی ساڵانەی ڕۆژنامەكە(3) دینارە، هی گۆڤارەكەش دینارێكە، ئەتەوێ خۆت بكەیە بە ئابونەیان بە ناوونیشانی خوارەوە داوایان بكە»[lxxxii].بەم جۆرەیە وەك لە دەق ئاگارییەكەی گەلاوێژدا ئاماژەی بۆكراوە«بەغدا،كۆلێژی حقوق،جەنابی رەشید باجەلان»[lxxxiii].

سەبارەت بەوتوێژودەستەڕووناكبیرەییەشی كە بەزۆری لە سنووری گەرمیان و ناوچەی خانەقینداو لە (گۆڤاری گەلاوێژ) دا، نووسین وداهێنان وبەرهەمی وەرگێڕانی خۆیان بڵاوكردبێتەوە، بەسەریەكەوە پێكهاتبوون لە كۆمەڵێك شاعیرو نووسەری دیاری ناوچەكە و لە ساڵانی دواتریشداو پاش داخستنی گۆڤاری گەلاوێژ بەبەردەوامی لەگۆڤارو رۆژنامە كوردییەكانی دیكەی دوای( گەلاوێژ)، بەرهەمی خۆیان بڵاوكردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بوون بە چەندناوێكی درەوشاوەی نێودونیای ئەدەبیات ورووناكیبیری كوردی.لەم سنووری لێكۆڵینەشەوەو بەپێی ساغبوونەوەی توێژەر یەكەم بابەتێك كە لە گۆڤاری گەلاوێژی ژمارە (11و12) ی ساڵی 1942 بڵاوكرابێتەوە بریتییە لە بابەتێكی وەرگێردراو بەناونیشانی: « خووی بەهرەوەرەكان»،كە لە گۆڤاری (التربیة الحدیثة)وەرگیراوەو،لەلایەن جەمیل بەندی رۆژبەیانییەوە كراوە بەكوردی[lxxxiv]. بەڵام وەك بەرهەمی شیعریی و لەژمارە(5)ی ساڵی چوارەمی گۆڤاری گەلاوێژی (1943)، ئەحمەدی شاكەلی پارچە شیعرێكی نیشتمانی بڵاوكردوەتەوە، بەناونیشانی: «دوانێك لەگەڵ قەڵای شێروانە«،كە شاعیر بەهەستێكی شاعیرانەی قووڵەوە لەگەڵ قەڵای شێروانەدا دەكەوێتە گفتووگۆوە :

گردی شێروانە سەیرانی سیروان

مەنزەرەی بەرزی خاسی ئەمیران ..[lxxxv]

بەسەریەكەوە كۆی یەكەم شیعری بڵاوكراوەی شێخ ئەحمەدی شاكەلی، كە لە (گۆڤاری گەلاوێژ)دا بڵاوكرابێتەوە، پێكهاتووە لە چواردە بەیتی شیعریی تەواو، بەڵام ئەوانەی كە بۆنێو دیوانەكەی ئامادەیان كردووە، جگە لەوەی لە چەند چاپێكیاندا،ناونیشانە سەركییەكەشیان لابردووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەسكارییەكی زۆری بەرهەمە شیعرەكەیان كردووەو بەبەراورد لەگەڵ ئەودەقەی كە لەگۆڤاری گەلاوێژدا، كە شاعیرخۆی لە ژیاندابووەو تەنانەت هەرخۆشی ناردویەتی بۆبڵاوكردنەوە، كەچی جیاوازییەكی زۆر بەرچاودەكەوێت، بەتایبەتی لەوشەسازی و بە بەراورد لەگەڵ دەقەرەسەنەكەیدا، كە ئەمەش بۆخۆی كاریگەرییەكی گەورەی كردۆتە سەر ناوەرۆكی شیعرەكە بە جۆرێك لەوشەكاری و بەهای شیعرەكەی بەتەواوی كەم كردۆتەوە، هەرچەندە پێ دەچێت لەوەی ئامادەكاری دیوانەكە ئەودەقەی نێوگۆڤاری گەلاوێژی بە باشی نەخوێندبێتەوە، جا لەبەرئەوەی بەشێوازی كۆنیش نووسراوەتەوە، رەنگە وەك پێویست نەشی توانیبێت بیان خوێنێتەوە، بۆیە بەودەردەی بردوون و رەنگە لێرەدا بواری بەراوردكرنیان نەبێت و جێی سەرنجە شیعرەكەش لەنێو گۆڤاری گەلاوێژدا بەم بەیتە شیعرییە كۆتایی دێت :

من قەصری چاخی پاشای جافانم

قەدیم هەوارگەی كوردە میرانم[lxxxvi]

ماوەتەوە بڵێن شێخ ئەحمەدی شاكەلی وەك شاعیرێكی بەسەلیقەو شارەزا لەداهێنانی شیعری كلاسیكی كوردی لە ژمارەكانی دواتری گۆڤاری گەلاوێژو تاكاتی داخستنی گۆڤارەكە لە ساڵی 1949، چەند شیعرێكی تری بڵاوكردۆتەوە، كە بەپێی بەدواداچوون و ساغبوونەوەی توێژەر ژمارەیان دەكاتە هەشت پارچە شیعر، بەڵام لە ئاستێكی زۆربەرزدا بۆئەوكاتەی شیعری كوردی لەناوچەیەكی دوورەدەستی پەراوێزكەوتوودا، لەوانەش بەپێی ژمارەو ساڵی بڵاوبوونەوەیان و بەناونیشانی جۆراوجۆری وەك (دەردە دڵێك)،(من و كوردستان)، (دەردی بێ دەرمان)،(من ومناڵە كوردەكان )، (تازەبەهار) (خەتی جغرین) ،(لەبەر شینی كەریم بەگ) ، كە ئەمەی دواییان وەك دۆسیەكی شیعری ماتەمینی لەپاش مەرگ وكۆچی دوایی سەرۆك ئێلی جاف كەریم بەگی جاف لەلایەن علائەددین سەججادییەوەو لە دوا ژمارەی گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بڵاوكراوەتەوە[lxxxvii]. لەدوایشدا كۆی ئەو شیعرانەی كە ئاماژەیان بۆكراو هەمووئەوانەشی كە لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)،(هەتاو)، (پەیام) وشوێنانی تردا بڵاوی كردونەتەوە سەرەڕای كۆی بەرهەمە دەستنووسەكانی، بەسەریەكەوە بوون بە هەوێنی (دیوانی شاكەلی) شاعیر ،كە بۆیەكەم جار لەساڵی (1979)، لەلایەن جەمال محەمەد محەمەد ئەمینەوە لە شاری بەغدا چاپكراوە، هەروەها لەساڵانی دواتردا هەمان دیوان بەدەستكارییەوە، لە شارەكانی تەورێزو ئەستەنبوڵ وباشووری كوردستان بۆجاری دی چاپكراوەتەوە[lxxxviii].هەروەها لەساڵی (1944)، وەك هاوچەرخێكی شاكەلی شاعیر، شاعیرێكی گەرمیانی وەك سامی عەلی دەلۆ (1924-2005)،كە دانیشتووی گوندی (عەین فارس)ی ناحیەی قەرەتەپەی سەربەشاری كفری بووە، لە ڕێگای گۆڤاری گەلاوێژەوە دێتە مەیدانی نووسین و بڵاوكرنەوەو دواتریش جگە لە(گەلاوێژ) و(دەنگی گێتی تازە) بەرهەمەكانی خۆی لە گۆڤارو ڕۆژنامەی جۆراوجۆری دواتری كوردیدا بڵاوكردۆتەوە، یەكێك لەوشیعرانەی، كە رەنگە یەكەم بەرهەمی بڵاوكراوەی بووبێت، كە بەداخەوە لە ( باخچەی هەژاران)،دەستكاری كراوەو وەكوخۆی بڵاونەكراوەتەوە، بریتییە لە پارچە شیعرێكی لیریكی (غنائی) زۆرجوان و بەزمانێكی كوردی پاراو دای ڕشتۆتەوە، بەناونیشانی (من ویار)، وەك لە بەشێكیدا نووسیویەتی :

بڵێن بەونازەنینە           چ وەعدەی پێكەنینە

مەیلی هەرلەسەیرانە           دڵەكەی من هەرلە شینە..[lxxxix]

لەڕاستیدا بەرهەمی شیعریی ئەم شاعیرەی گەرمیان هەڵدەگرێ،بەدواداچوون و لێكۆڵینەوەی وردی لەسەر بكرێ، هەرچەندە پاش ساڵانێكی زۆروبەساڵێ پێش كۆچی دوایی و لەساڵی(2004)دا،بەشێك لەبەرهەمی شیعریی نووسینەكانی لە نامیلكەیەكی سەربەخۆدا بڵاوكراونەتەوە[xc].هاوكات شانبەشانی شێخ ئەحمەدی شاكەل وسامی عەلی دەلۆ شاعیرێكی تری سنووری گەرمیان وناوچەی خانەقی كە هەر لە گەلاوێژدا چەند دەقێكی شیعری خۆی، لە چەند ژمارەیەكی جیاوازی گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوكردبێتەوە، ئەویش شاعیری ناسراو ئەندامی (پارتی هیوا) شێخ بابا عەلی بێداری ناوچەی (بنكوورە)ی سەربەشاری خانەقی بووەو نازناوی شیعریشی هەمان ئەونازناوی (بێدار)ە بووە، كە لە ڕێكخستنەكانی هیواداو لەلایەن رەفیق حیلمییەوە بۆی دەستنیشانكراوە، وەك كەسێكی خوێندەواریش بێدار بۆماوەیەك لە ناوچەی (كانی ماسی) سەر بەشاری خانەقی لای حەمەئاغای شەركەسی كە كارگەی (بەلەگ)ی هەبووە، بووە بەنووسەرو بەزۆری كارەكانی بۆڕاپەڕاندووە، بۆیەكەم جاریش پارچە شیعرێكی نیشتمانی بەناونیشانی(خۆشویستنی نیشتمان) لە گەلاوێژی ژمارە(6)ی ساڵی چوارەمی، حوزەیرانی 1943 بڵاوكراوەتەوە،كە لەهەشت بەیتی شیعری پێكهاتووەو(بێدار) لە خانەقییەوە ناردوویەتی بۆگۆڤاری گەلاوێژو وەك لەبەیتی یەكەمیدا هاتووە :

له ڕێگای جێی خۆم بمكوژن لام وایە قوربانە

بە قوربانی ئەوكەسەم لەم جەژنی قوربانە بەقوربانە..[xci]

بەڕادەیەك شاعیرێكی وەك شێخ باباعەلی بێدار تەنها بەم دەقەشیعرەیەوە نەوەستاوەو چەند جارێكی دیكەش هەر لەڕێگەی (گەلاوێژ)هەوە شیعری خۆی بڵاوكردۆتەوە، لەوانەش پارچە شیعرێكی تری نیشتمانی بەناونیشانی (هاواری نیشتمان) كە لە (8) بەیت پێكهاتووەو بە یەكێك لەشیعرە باڵاكانی ئەوكاتەی شیعری نیشتمانی كورد دادەنرێت،كە لە ژمارە (10)ی ساڵی چوارەمی،تشرینی یەكەمی 1943دا بڵاوكراوەتەوە، وەك لەسەرەتاكانیدا نووسیویەتی «ناڵەیەكی زۆر بەسۆز دێ وا لە جەرگم كارئەكا... تێگەیشتم پڕبەدەم خاكی وەتەن هاوارئەكا». هەروەها لە كۆتایی شیعرەكەشیدا (بێدار) كۆتایی پێ دەهێنێ و لە ناخەوە دەردەدڵی خۆی بەیان دەكات و دەنووسێت« چەند دڵ پڕ ئێشە (بێدار) دەستی ناچێ ناعیلاج ... ڕۆژی سەد نەفرەت لە دیاری ناحەزی غەدارئەكا»[xcii].

جگە لەشێخ باباعەلی بێدار لەسنووری خانەقی و دەوروبەریدا دووملای ناسراوی شاعیر لەم ناوچەیەوە بەرهەمی شیعریی خۆیان هەرلەڕێگای (گەلاوێژ)هەوە بڵاوكردۆتەوە، كە ئەوانەش هەریەك لە مەلائەحمەدی فائیزومەلائەحمەدی دەككەبوون و لەسەروبەندی بڵاوبوونەوەی گۆڤاری گەلاوێژو ساڵانی دواتریشدا لە ناوچەی خانەقی و پاشان لەنێو شاری خانەقیدا ژیاون، یەكەمیان پارچەشیعرێكی بەناونیشانی: (لەچاوی مەستی) لەژمارە(8)ی ساڵی شەشەمی ئابی 1945بڵاوكراوەتەوە، كە لەودەمانەدا ئیمام ووتارخوێنی (مزگەوتی گەورەی خانەقی) بووە، وەك نووسیویەتی :« لەچاوی مەستی فیتنەو شەڕ ئەبارێ .. لە شمشێری برۆی خوێن دێتە خوارێ»[xciii].بەڵام شیعرەكەی مەلائەحمەد لەژمارە كۆتاییەكانی گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوكراوەتەوە، كە ئەویش پارچە شیعرێكە بەناونیشانی (دیسان بۆكەریم بەگ) بەهۆی كۆچی دوایی كەریم بەگی جافەوە نووسیویەتی:« سێ ئاگر وا دەرخشانە لە دەشتی شاكەل وشێروان ...تەمووزو ئاگری ڕۆژو، وەفاتی میری كوردستان»[xciv]. شایانی باسە مەلائەحمەدی دەككە تاساڵی1927 كە لە كەلار قازی جاف وئیمام وتارێژی مزگەوتی كەلار بووەو بەمەلائەحمەدی كەلار ناسراو بووە، دواتر كە چووەتە گوندی دەكەی حاجی ئیبراهیم بەگ، لێرەبەدواوە بەمەلا ئەحمەدی دەككە نابانگی ڕۆیشتووەو خاوەنی (كەشكۆڵێكی دەوڵەمەند)وبەرهەمێكی شیعریی زۆری هەبووە، بەڵام تاوەكو ئێستاوەك پێویست كۆنەكراونەتەوە[xcv].

پاشان یەكێكی دی لەوئەدیبانەی سنووری گەرمیان وشاری كفری كە بۆماوەیەكیش لە بەڕێوەبەرایەتی نەوتی كەركووك فەرمانبەربووەو چەند ساڵێكیش ئیمام و وتارخوێنی مزگەوتی (سەیدخەلیل) بووە، لە كەلار،ئەویش مەلاجەمیلی حاجی مەلائیبراهیمی شێخ زیائەدینە(1910-1982) ولەپەنجاكان وشەستەكانی سەدەی بیستەمدا لە سلێمانی ودواتر لە كفری مەلایەتی كردووە، نازناوی نووسین و بڵاوكردنەوەی لە(گۆڤاری گەلاوێژ) دا، (جیمۆ بێناو)بووە[xcvi].بەڵام وەك نووسەرو وەك شاعیرێكی ئەودەمانەی كورد، بەسەرەتایەكی بەهێزەوە دەستی داوەتە نووسین و بڵاوكردنەوەو یەكەم بەرهەمی بڵاوكراوەی لەگەلاوێژدا بریتییە لە نووسینێكی فیكری وپارچە شیعرێك بەناونیشانی: (بەربەرەكانی ژیان) وەك لە بەشێكیدا نووسیویەتی:« لەڕووی زەمین ژیان بەربەرەكانییە، حەق دەستی سەركەوتووەكان ئەكەوێت، گەلێك، میكرۆبێك، میرووولەیەك، فیلێك وئینسانێك لەهەموو كاتێكدا بۆ ژیان لە لێكداندایە لەگەڵ ئەوانەی كە ئەیانەوێ بی فەوتێنن ..»[xcvii].بەڵام لەكۆی نووسین و پارچە شیعرەكەشیدا مەلا جەمیل بەزۆری جەخت ئەكاتەوە لەسەرزانست وخوێندەواری وبەسەرچاوەی سەرەكی سەركەوتنی هەموو میللەتێك دادەنێ وبۆبالآدەستی وتێكۆشان وەك لەسەرەتایدا نووسیویەتی:

تابەكەی تۆ هەر ئەسیری خوی خراپی قوربەسەر

هەڵسە تۆجارێ لە خەو،هەڵلوشرای خاكت بەسەر..[xcviii].

لێرەش بەدواوە نووسەروئەدیبێكی وەك مەلاجەمیل كفری بەبەردەوامی كۆمەڵێك بابەت وشیعرو نووسینی جۆراوجۆر لەگۆڤاری گەلاوێژدا بڵاودەكاتەوە، كە دەتوانین بۆ ئەوكاتەی ناوەندی ڕووناكبیری كوردی بەپێشەنگەكانی سەردەم وقۆناغی خۆی ناوزەدی بكەین وەك لەبابەت ولەچەند چوارینەیەكی شیعریدا، كە لەگەلاوێژی ژمارە(5)ی ساڵی پێنجەمی مایسی 1944دا بڵاوی كردووەتەوە، بەناونیشانی (كۆمەڵی پێشوو) بەتەواوی ئەوەت بۆ ڕوون دەبێتەوە، كە ئەم نووسەروشاعیرەی گەرمیان جیاواز لەوانی هاوچەرخی خۆی خوێندنەوەی نوێی بەردەوام و بەدواچوونێكی بەردەوامی هەبووە، سەبارەت بەبابەتەخدان بە نووسین و بیركردنەوەو داهێنانی نوێ لە قۆناغی خۆیدا، كە جۆرێك لە تازەگەریی و فیكری نوێ لە چوارچێوەی نووسین و شیعرەكانیدا ڕەنگ ئەداتەوە،بۆنموونە لە سەرەتای بابەت و نووسینی (كۆمەڵی پێشوو)دا ئەوە ڕوون دەكاتەوەكە:« لە كۆمەڵی بەشەردا كۆمەڵێ عائیلە لە هەموو كۆنترۆتەبیعی ترە،هەرلەم وێنەیەیە مناڵەكانیش لەبۆ پارێزگاری ژیان تاوەكو پێویستیان بێت، بە باوكیانەوە بەستروان، لەهەركاتێكا ئەم پێویستەیان نەما جیائەبنەوە« بەڕادەیەك ئەم نووسەرو ریفۆرمیستە كۆمەڵایەتییە پێویستی بەوە هەیە لێكۆڵینەوەی سەربەخۆو لێكدانەوەی سەربەخۆ لەسەر تەواوی نووسین و بەرهەمەكانی بكرێت[xcix].

## تەوەری سێیەم :بەرهەمی بەگزادەكانی جافی كەلارلەگۆڤاری گەلاوێژ1939-1949

### باسی یەكەم/بەرهەم ونووسینی بەگزادەكانی جاف:

هەرچەندە قۆناغی سییەكانی سەدەی بیستەمی ڕابردوو و بگرە ساڵانی پێشتریش، كەلار وەك شوێنێكی ئاوەدانی سنووری گەرمیان، دەتوانین بڵێین لەزۆر شاروشارۆچكەی عێراق و ناوچە كوردنشینەكانی باشووری كوردستان باری ئاوەدانی وسەرچاوەكانی ژیانی وەك : مزگەوت،قوتابخانە،خەستەخانە،سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی پێویست وهێڵی تەلەفۆنات و پەیوەندی ڕۆژانە، تارادەیەكی باش تیافەراهەم بووەو بەزۆری فەراهەمكردن ودەستەبەركردنی هەمووئەم بوارانەش بەتەواوی دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و ڕۆڵی سەرەكی بەگزادەكانی جاف و دەسەڵاتی بەرفراوانی بەگزادەی جاف، كە لە تەواوی باشووری كوردستان وعێراقیشدا دەسەڵاتێكی دیاروبەرچاویان هەبووەو تارادەیەك لە دامودەزگای قۆناغی عوسمانی و دواتریش سەردەمی داگیركاریی ئینگلیزو هەروەها عێراقی پاشایەتیدا، بەبەردەوامی كاروباری ناوچەكەیان بەدەستەوە بووەو هاوكات قسەڕۆیشتوو و گوێ لێگیراوی نێو دامودەزگاكانی حكومەتی عێراق و پەرلەمان بوون، هەروەها بۆلایەنی فەرهەنگی و خوێندەواری، بەتایبەت لە سنووری گەرمیان و كەلاری ئەودەمانە خەڵكانی شارەزاو كەسانی خوێندەواروزمانزانی دیارو بەرچاویان تێدا هەڵكەوتووە، بێگومان هەرئەوەش وایكردووە، كە بەردەوام نامەخانەو كتێب و كەشكۆڵی جۆراوجۆری نووسراو لەلایەن بەشێك لەكەسانی خوێندەواری نێومیرزادەكانی جافەوە، بنووسرێنەوەو تاوەكوئێستاش بەشێك لەوانە وەك سەرچاوەی مێژوویی و فەرهەنگی ڕەسەن بمێنێتەوەو لەبواری نووسین وفەرهەنگی كوردیدا سوودیان لێ وەربگیرێت لەوانە : كەشكۆڵی مەحموود پاشای جاف،كەشكۆڵی ڕەزابەگ جاف ودوابەدوای ئەوانەش لەچلەكان و پەنجاكانی سەدەی بیستەمدا نامەخانەی محەمەد سەعید

جاف،کە بۆئەوکاتەی خوێندەوارانی ناوچەکە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندوناوازەبووە. بەجۆرێ هەرئەم تایبەتمەندیەش بووە، کە بووەتەمایەی ئەوەی لەداهاتوودا کۆمەڵێك ئەدیب ونووسەری ناسراویان تێدا هەڵ بکەوێت، هەر لەسنووری هەڵەبجەوناوچەی شارەزوورەوە تادەگاتە گەرمیان و ناوچەی خانەقین وقزرەبان لە باشووری کوردستان و بەردەوام نووسین وبەرهەمی جۆراوجۆریان لە گۆڤارو ڕۆژنامەکوردییەکاندا بڵاوبکەنەوە، لەوانە محەمەد سەعید جاف سەرەڕای ئەوەی لە چلەکان و پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لە گۆڤاری گەلاوێژ، هەتاو،دواتریش لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی : ڕووناهی،برایەتی،بەیان،ڕۆشنبیری نوێ،ڕەنگین وهاوکاریدا بڵاوکردوەتەوە،جگەلەوەش لە پەنجاکاندا بەشداری لەبزووتنەوەی ئاشتیخوازان ولیژنەی ناوچەی (شێروانە)دا کردووە[c]. هەروەها وەك کاری ڕۆژنامەوانی لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوودا ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی برایەتی(التاخی) زمانحاڵی پارتیدا بووە، کە لەسەروبەندی ئاگربڕی نێوان حکومەتی عێراق وشۆڕشی کورددا لەبەغدا بڵاوکراوەتەوە[ci].

شایانی باسە محەمەد سەعید جاف، هەرچەندە یەکێك بووە لە نووسەرو وەرگێڕە بەردەوامەکانی ساڵانی گۆڤاری گەلاوێژ، هەرچەندە بەپێی ساغکردنەوەی ئێمە لەتەمەنی (24) ساڵی وکۆتاساڵەکانی گۆڤاری گەلاوێژدا، دەستی داوەتە نووسین ووەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی بەردەوام کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك بابەتی جۆراوجۆری بڵاوکردۆتەوەو یەکەم بەرهەمی وەك نووسینی بڵاوکراوە، بابەتێکە بەناونیشانی :(ڕاستی خەتایە؟!) کە لە ژمارە (2)ی ساڵی نۆیەم و شوباتی 1948 بڵاوکراوەتەوە، کە بەزۆری بریتیە لە وتارێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی وهەرلەسەرەتاوەو بەشێوازێکی گەرمیانی دەستی بە نووسینی کردووە :» لەم دەوروبەرەی ئێمەدا وە لەم کاتەی ئێستەدا ئەگەر یەکێك پەیرەوی ڕاستی بکا لام وایە وەکو شوێن کڵاوی بابردوکەوتبێ ئاوایە چونکە ئەوکەسانە لە ڕەواڵەتا خۆیان بەدڵسۆزوئیشگوزار ئەدەنە قەڵەم خێرا بیروباوەڕە پیرۆزەکەی ئەبڕن بەسەرپیلانێکاو ئەیکەن بەشتێکی بێ مانا. بەمیسال ئەگەر یەکێکی ڕاستگۆ بەبەگێك یان ئاغایەك یانموونەیەکی تربڵێ ئیمساڵ لە ملکانەدا لەبەرئەوە نەهاتە توزێ وەرە خوارەوە،یا ئەودێیە بۆسوتا؟ یائەوماڵە بۆدزراو ئەوپیاوە بۆ کوژرا؟..»[cii].

محەمەد سەعید جاف لەدرێژەی بابەتەکەیدا جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە،ئەنجامی ڕاستی هەرسەرکەوتنی بەدواوەیەو پاشەڕۆژی درۆش ژێرکەوتنە، وەك لەم بارەیەوە نووسیویەتی :« ئەنجامی ڕاستی سەرکەوتن وپاشەڕۆژی دروۆودەلەسە ژێرکەوتنە ئەوانەی، کە خاوەنی وجدانێکی خاوێن وهاورازی هەستێکی پاکن بەرانبەر بەگەلەکەیان دڵپاکی و ڕاستگۆییان لەئاسمانا ئەدرەوشێتەوە..» هاوکات وتارەکەی بەوەکۆتایی پێ دێنێت ورووی دەم لەکۆمەڵانی خەڵك دەکاودڵنیایان دەکاتەوەو دەنووسێ«ئەی ڕاست پەروەرەکانی وڵاتی ئێمە بیری ڕاستی خۆتان بگەیەنن بە هاووڵاتیەکانتان و بەسەر خۆتانیشا بڵاوی بکەنەوە چونکە سەرکەوتن ئەنجامی ڕاستی یە!»[ciii]. جابۆیە دووبارە ڕووی دەم دەکاتە تاوان باران و ناپاکان وبەئەوپەڕی متمانەوە لەبارەیانەوە نووسیویەتی« ئەی گوناهکارەکان بابدەنەوە سەر ڕاستی وپاکی ڕۆژێك ئەبێ موحاکەمەی گوناهکاران بکرێت، چە لەم دونیایە چە لەودونیایە..»[civ].

بەجۆرێك نووسەرێکی وەك محەمەدسەعیدجاف لە(24)ساڵی ئەوکاتەیەوە، کە هەر لەقۆناغی مێردمنداڵییەوە باوکی لەدەست داوەو بەناچاری دەستبەرداری خوێندن بووە، کەچی بەسەرەتایەکی لەجۆرەوەو لە گوندێکی دوورەدەستی وەك کەلاردا دەستی داوەتە نووسین و هونەری وەرگێڕان ویەکەمین بابەتی وەرگێڕانی خۆی کە لە زمانی فارسییەوە بووەو بریتییە لە بابەتێك بەناونیشانی (مەستی بادەی گەنجی بووم چۆن هوشیاربوومەوە)،کە لە نووسینی جەواد ئەرباب زادەیەوە لەگۆڤاری (تهران مصور)ی ئێرانییەوە وەریگێڕاوەتە سەرزمانی کوردی[cv].بەڵام لەژمارەی دواتری گەلاوێژی هەمانساڵدا، بابەتێکی دیکەی بەناونیشانی: ( بانگی ئازادی) سەبارەت بەجۆزیب مازنی ڕێبەری ناسراوی ئیتاڵی بڵاوکردۆتەوە، کە چۆن توانیویەتی وڵاتەکەی خۆی لەپارچە پارچەیی وداگیرکاریی ڕزگاربکات ورێبەرایەتی گەلی ئیتاڵی بکات[cvi]. بەڵام لەژمارە(6) و(7)ی گۆڤاری گەلاوێژی حوزەیرانی (1948)، و تەمموزی (1948)دا، بابەتێکی دووئەڵقەیی ،کە پێکهاتووە، لەسەربووردەیەکی (ئەلیکسیس سیمیانوسکی) پێش جەنگی یەکەمی جیهانی لەگۆڤاری (الهلال)ی میسرییەوە، وەرگێڕاوەتە سەرزمانی کوردی بەناونیشانی: (خنکاوی نەخنکاو)،ئەمەش دەلالەت لەوە دەکا ڕووناکبیرێکی وەك محەمەدسەعید جاف لە کەلاری ئەودەمانەدا سەرەڕای ئەوەی لە تەواوکردنی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی بەدواوەو بەتایبەتی بەهۆی کۆچی دوایی باوکییەوە، لەساڵی(1934)دا دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە. کەچی لەگەڵ ئەوەشداو لەودەمانەی دونیای ڕووناکبیری کوردیدا خوێندەوارێکی دیارو جگە لە زمانی کوردی شارەزایی لەزمانی عەرەبی و فارسیدا هەبووەوبەبەردەوامی بابەت و نووسینی جۆراوجۆری لێوە وەرگێڕاون بۆسەر کوردی، وەك لەژمارەکی تری گەلاوێژداو هەر لەگۆڤاری (تهران مصور)ی ئێرانییەوە، بابەتێکی سەبارەت بەوەزیری کشتووکاڵی ئەمریکا (هنری والاس) لەسەروبەندی سەرۆکایەتی (فرانکلین ڕۆزفیلت) بڵاوکردووەتەوە، کەچ ڕۆڵێکی هەبوە لە بوژانەوەی بارودۆخی کشتوکاڵی ئەووڵاتەدا[cvii].

شایانی باسە یەکێکی دی لەبەگزادەکانی جافی کەلاروگەرمیان، کە لە گۆڤاری گەلاوێژدا بابەت و شیعری خۆی بڵاوکردبێتەوە ئەویش محەمەدئەمین بەگی جافی ئامۆزای محەمەد سەعید بەگە، کە لەساڵانی دواتردا لەناوەندی شیعروئەدەبیاتی کوردیدا بە (مینەجاف) ناسراوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆرلە بەرهەمەکانی لە دیوانێکی شیعریی سەربەخۆدا لە شاری بەغدا بڵاوکراوەتەوە[cviii]. بەڵام یەکەم پارچە شیعری نیشتمانی خۆی لە ڕێگەی گۆڤاری گەلاوێژە، بەناونیشانی (نیشتمانی) لە شوباتی ساڵی (1944)دا بڵاوکردۆتەوە[cix].هاوکات یەکێکی دی هەر لە بەگزادەکانی جاف،کەبەرهەمی شیعریی لە گەلاوێژدا بڵاوکردبێتەوە، ئەویش حەبێ خانی کەریم بەگی جاف وخوشکی مینەجافی شاعیربووە، کە بەناوی خواستراوی (لەکەلارەوە - ژنەجافێك) ناوی هاتووە، هۆنراوەیەکی بەناونیشانی (لایەلای) نووسیوە،کە تیایدا ستایشی (حەسەن)ی برابچوکی کردووەو بۆئەوەی کە گەورەبوو، لە داهاتوودا بگاتە مەقامی خۆی:«هەی لایەلایە حەسەن لای لایە ..لەخوام گەرەکە بگەیتە پایە»[cx].

**باسی دووەم : کۆچی دوایی کەریم بەگی جاف ورەنگدانەوەی لەگۆڤاری گەلاوێژدا**

کەریم بەگی جاف وەك کەسایەتیەکی دیاری ناوچەی گەرمیان و سەرۆك ئێلی گەورەی جاف لەکۆچی دوایی فەتاح بەگی باوکی بەدواوە، ساڵی (1908)، کاتێك کاروباری ئێڵەکەی لە ئەستۆگرت، بۆماوەی (40) ساڵ لەڕایکردنی کاروباری ناوچەکەدا مایەوەو هەرلە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی عوسمانی وداگیرکردنی بریتانیا بۆعێراق و ناوچەکوردنشینەکانی باشووری کوردستان، هەروەها دامەزراندنی شانشینی عێراق بەسەرۆکایەتی میرفەیسەڵ، بەڵام لە 27ی نیسانی 1927دا،کە یاسای لیواو قەزاوناحییەکان لەلایەن فەرمانڕەوایەتی پاشایەتی عێراقەوە بڵاوکرایەوە[cxi]. هاوکات بەپێی ئیرادەیەکی شاهانە شێروانە کەناوەندەکەی کەلاربووە، بەناوی (قەڵای شێروانە)هوە،کراوەتە ناوەندی ناحیە[cxii].ئیدی لێرەش بەدواوە سنوورێك بۆ دەسەڵاتی کەریم بەگی جاف دانراوەو بووە بەمایەی ئەوەی بەیەکجاری دەستبەرداری ژیانی گەرمیان وکوێستان ببن و لە سنووری دەسەڵاتی خۆیان و ناوەندی گەرمیان و

بەتایبەتی کەلاری ئێستادا نیشتەجێ بن و شانبەشانی ئەوەش دەست بە ئاوەدانکردنەوەی بکەن, وەك پێشتریش ئاماژەی بۆکرا چەندناوەندێکی ئاوەدانی تیابکرێتەوە.بەجۆرێك کەلار لەم قۆناغە بەدواوە وەك شوێنێکی ئاوەدان هاتۆتەبەرچاو،تائەوکاتەی لە 1ی تەمموزی 1949، لە شاری کفری کۆچی دوایی کردووەوپاشان هێنراوەتە(کەلار)و لەگۆڕستانی (سەیدخەلیل) نێژراوە[cxiii].

شایانی باسە گۆڤاری گەلاوێژو بەتایبەت عەلائەددین سەججادی بەڕێوەبەری ئیدارەی بەبایەخێکی زۆرەوە،ڕوماڵێکی ڕۆژنامەوانیان بۆکۆچی دوایی کەریم بەگ کردووەو لەسەریان نووسیوە،وەك لەژمارە (7)ی تەمموزی 1949دا،بەناونیشانی (ماتەم)،سەبارەت بەکەریم بەگ نووسیویەتی :« کەریم بەگی فەتاح بەگ جێ نشینەکەی وەسمان پاشاومەحموودپاشای جاف، کە ساڵەهای ساڵ بوو سەرۆکی ئەم عەشیرەتی جافەی لە گەرمیان و کوێستان هەڵئەسوڕان لە 1949/7/1ی چواری مانگی ڕەمەزانی 1368ی کۆچی لە شاری کفری کۆچی ماڵئاوایی لە عێڵی جاف و عالەمی کوردی کردوتەرمەکەی برایەوە بۆئاوایی کەلار. کەریم بەگ سەرۆکی ئەوخێڵی جافەبوو،کە هەموو دەمێك بە عەنعەناتی کوردییەوە گوڵدەستەی ئەم قەومی کوردە بوون، ئەمە عێڵەکەیان،خۆیشی پیاوێکی هەتابڵێیت هێمن و لەسەرخۆو قسەڕەوان و بەخزمەت بوە بۆ عەشیرەتەکەی،هەموو سەرکۆمارەکانی جاف دانیان بەگەورەیی دانابوو ». هەروەها لە درێژەی ڕیپۆرتاژە ڕۆژنامەوانییەکەی گۆڤاری گەلاوێژدا جەختی لەسەر ئەوەش کردوەتەوە، بەوەی کەریم بەگ کەسێکی ئەدەب دۆست و هەروەها بەڕوونی ئاماژە بۆدانراوەکەی دەکات ، کە سەبارەت بە مێژووی ئێڵی جاف نووسیویەتییەوە بە ساڵانێکی زۆر دوای کۆچی دوایی خۆی وەك کتێب چاپکراوەتەوە، ئەمەش لە کاتێکدا کەریم بەگ ئەو دانراوەی کربووە چەند نوسخەیەکی جیاوازەوەو یەکێکیانی دابووە مێژوونووسی گەورەی کورد محەمەد ئەمین زەکی بەگ (1880-1948)وتەنانەت بۆکتێبی (مێژووی سلێمانی)کەی وەك سەرچاوە سوودی تەواوی لێ وەرگرتووە. هاوکات نووسخەیەکی تریشی دابووە مێژوووناسی عێراقی عەباس عەزاوی (1891-1971) ئەویش بەهەمان شێوە بۆنووسینی دانراوەکەی سەبارەت بە هۆزەکانی کورد سوودی لێ وەرگرتووە. وەك ئەوەی گۆڤاری گەلاوێژ لەبارەی ئەم دانراوەی کەریم بەگەوە نووسیویەتی: « ڕابواردنی دیوەخانەکەی لەگەڵ ئەربابی عیلم وئەدەبدا کۆڕێکی ئەدیبانەی ئەگێڕا، لە هەرسوچێکی مێژووی جافەوە، کە قسە ئەهاتە مەیدانەوە کەریم بەگ شاسواری ئەو مەیدانەبوو،دانراوەکەی ئەم شاهیدییەی بۆئەدات»[cxiv].

ماوەتەوە بڵێین گۆڤاری گەلاوێژو بەتایبەت هەریەك لە ئیبراهیم ئەحمەدوعەلائەددین سەججادی،کە پەیوەندییەکی دێرینیان لەگەڵ داودبەگی جاف لە کەلارو حەسەن عەلی بەگی کوڕی مەحموود پاشای جافدا هەبووە، ئەوانیش پرسەوسەرەخۆشی خۆیانیان ئاڕاستە کردوون وەك لەپرسە نامەکەیاندا هاتووە »بەوبۆنەوە بنەماڵەی گەلاوێژ سەرخۆشی لە تۆپی ئێڵی جاف ئەکا بۆنەمانی کەریم بەگ وەبەم نووسینە پرسەی خۆی بەتایبەتی ئەنێرێ بۆداودبەگی برای لە بنەماڵەی کەلاروبۆحەسەن بەگی عەلی بەگ لە بنەماڵەی هەڵەبجە«[cxv]. جگە لەوەش هەرگۆڤاری گەلاوێژ لەهەمان ژمارەولەڕیپۆرتاژێکیدا سەبارەت بەژیانی کەریم بەگ وبنەماڵەکەیان و هەروەها ئاوایی کەلاری ئەودەمانەوەژماری ماڵ و خانەوادەکانی وشێوازی ئاوەدانی و باری پەروەردە وخوێندنی ئەوکاتەیان نووسینێکی زۆربایەخداری بەناونیشانی(تۆزێ لەسەر گوزشتەی) بڵاوکردووەتەوە وەك لەبەشێکیدا هاتووە :« کەریم بەگ کوڕی فەتاح بەگی کوڕی محەمەد پاشای جافە، لەساڵی 1885 لە ئاوایی (گردەپانی)وارگەی (کانی چەقەڵ) هاتۆتە دونیاوە،ژیانی منداڵی لەناوعەشیرەتەکەی خۆیدا بووە،بەڵام بۆوەرگرتنی عیلم چوەتە سلێمانی و لەماڵی ئەوڕەحمان ئاغای ئەوڵائاغای خاڵی بووەو بۆدەرس وەرگرتن چوەتە حوجرەی (مەلاسەعید)، لەوێ قورئان و کتێبە وردە فارسییەکانی تەواوکردووە، ئینجا گەڕاوەتەوە ناوجاف و لە وێش لەلای شێخ عەلی بەرزنجی وشێخ غەنی کە مەحموود پاشای جاف لەئەستەمبوڵ هێنابووی گەلێکی ترفارسی خوێندووە، لەلای مەلاسەعیدی قزڕەباتیش علومی عەرەبی (فەناری) خوێندووە«. هەروەها لە درێژەی ڕیپۆرتاژەکەی گۆڤاری گەلاوێژدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کاتێك لەساڵی 1908دا فەتاح بەگی کوڕی محەمەد پاشای جاف کۆچی دوایی کردووە، لێرە بەدواوە:« کەریم بەگ کەوتۆتە ئیدارەدانی ئەملاك وکاروباری عەشایەری تا (باوەنوور)و(ئیبراهیم خانچی) لەژێرئیدارەی موباشەرەی خۆیدا بووە« هەروەها نووسیویەتی لە داگیرکاریی بریتانیا بەدواوەو لەساڵی 1919دا بەفەرمی سەرۆکی هەموو ئێڵاتەکانی جافی پێ سپێردراوەو بەباشی وبۆماوەی هەشت ساڵ کاروباری ئێڵەکەی هەڵسوڕاندوەو لەساڵی 1927دا کاتێك سەرۆکایەتی هەڵگیرا, ئیدی لەکەلار دانیشتووەو براکانی بەدەورییەوە دامەزراون[cxvi]. سەبارەت بەکەلاری ئەوکاتەش گەلاوێژ نووسیویەتی لەدەورانی کەریم بەگدا کەلار گەیشتۆتە (250) ماڵ،قوتابخانەوخەستەخانەو مزگەوتی تیا دروستکردوە،زۆری کۆششی کرد لەڕێی ئەوقوتابخانەیەدا، ئیشێکی وایکرد کوڕوکچ پێکەوە تیایدا بخوێنن و لە ئاواییەکانی دیکەشەوە بەزۆرمناڵ بهێنرێ بۆخوێندن تیایداو ژمارەی قوتابیەکانی لەوکاتەدا گەیشتۆتە (90)کەس[cxvii].

وەك دەبینین لە ژمارەی دواتری گۆڤاری گەلاوێژی ژمارە(8)ی ئابی 1949دا،داود بەگی جافی برا بچووکی کەریم بەگ،کە لەودەمانەشدا ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی سەردەمی پاشایەتی بووە (سوپاسنامە) یەك بڵاودەکاتەوە،تیایدا سوپاسی گۆڤاری گەلاوێژو بەتایبەتی عەلائەددین سەججادی دەکات کە سەبارەت بەکەریم بەگی جافیان نووسیوە وەك لە دەقەکەی گۆڤاری گەلاوێژدا هاتووە: «بەرانبەر بەو وتارەی کە لەسەر ئاوابوونی ئەستێرەی ژیانی گەورەمان کەریم بەگ نووسیبوتان بە ناوی خۆم و هەمووعێڵاتی جاف وبەگزادەکانیانەوە، زۆر سوپاسی بنەماڵەی گۆڤاری گەلاوێژ ئەکەم بەتایبەتی بەیانی سوپاس گوزاری وقەرزاریم بۆ جەنابی مامۆستای خۆشەویستمان علاء الدین سجادی ئەکەم..کەلار:داودجاف»[cxviii]. جگەوەش هەرگۆڤاری گەلاوێژ لەهەمان ژمارەیدا دۆسێیەکی شیعری تایبەتی بۆشیعری ئەوشاعیرانەی کورد بڵاوکردۆتەوە، کە بەهۆی کۆچی دوایی کەریم بەگی جافەوە بۆگۆڤاری گەلاوێژیان ناردووە، کە هەریەك لە شاعیرانی وەك شێخ سەلامی شاعیر لە هەڵەبجەوە شیعرێکی ناردووە بەناونیشانی : ( شینی کەریم بەگ)، دواتریش شێخ ئەحمەدی شاکەلی لە گەرمیان و کەلارەوە شیعرێکی بۆهەمان مەبەست ناردووە بەناونیشانی : ( لەبەرشینی کەریم بەگ), هەروەها لە شاری هەڵەبجەشەوە عەلی کەمال باپیر شیعرێکی خۆی بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی : (هەربۆ کەریم بەگ) لەناوچەی خانەقی و ئاوایی دەککەی (حاجی ئیبراهیم بەگی جاف)هوە، مەلائەحمەدی دەککەش، کە ساڵانێکی زۆر لە کەلارو لەسەردەمی کەریم بەگدا قازی جاف بووە[cxix]. بەهەمان شێوەی ئەوانی دی پارچەشیعرێکی ماتەمینی لە گەلاوێژدا بڵاوکردۆتەوە بە ناونیشانی : (دیسان بۆکەریم بەگ)، ئەوەی جێی سەرنجە هەریەك لەم شاعیرانەی کوردیش کە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانیان کەوتۆتە دوا ژمارەی گۆڤاری گەلاوێژەوە، واتە لێرەبەدواوە گۆڤاری گەلاوێژ بەیەکجاری دادەخرێت، بەڵام هەریەکەشیان بەپێی حروفی ئەبجەدی ساڵی کۆچی دوایی کەریم بەگیان بەوردی دەست نیشانکردووە[cxx].

## تەوەری چوارەم : ڕەوشی كۆمەڵایەتی ومێژوویی گەرمیان وناوچەی خانەقی و ڕەنگدانەوەی لەگەلاوێژدا

گۆڤاری گەلاوێژ جگە لە بڵاوكردنەوەی نووسین وبەرهەمی نووسەران وئەدیبانی ناوچەكە شانبەشانی ئەوەش، گەلێك هەواڵ ونووسین وسەربوردەیی مێژوویی وكۆمەڵایەتی ناوچەكەشی بە بایەخێكی زۆرەوە بڵاوكردۆتەوەو بەزۆری سەرچاوەی زانیاریی ئەوانەش لەلایەن نووسەران و ڕووناكبیرانی ناوچەكە خۆیەوە، نێردراوەو لەڕێگەی باوەڕپێكراوانی كفری وشاری خانەقی ئەوەدەمانەوە، گەیەنراوەتە دەستی مامۆستا سەججادی و ئەویش هەریەكەو لە شوێنی گونجاوی خۆیدا،وەك كەرەستەو دكۆمینتێكی مێژوویی گرنگ بڵاوی كردونەتەوە، وەك لە نووسینێكی تایبەتدا عەلائەددین سەججادی، كە سەبارەت بە جەژنی نەورۆزو هەواڵی نەورۆزی شاری بەغداوشاروشارۆچكەو ناوچەكانی كوردستانی وەك : كفری، كۆیە، هەولێرو ڕەواندزەوەوبەچاودێری بەرپرسانی شارو هۆزو ئێلاتی ناوچەكانیانەوە بەڕێوە چووە، بۆ نموونە سەبارەت بەكفری نووسیویەتی:« لەڕۆژی 21ی مارتی 1947دا لاوەكانی ناوشارو هەموو عێلاتی دەوروبەری لە دەشتی (مەجیدپاشا) لە سەعات یەكی پاش نیوەڕۆ هەموو كۆبوونەوە،كاربەدەستانی حكومەت بە قائممقام وموديری پۆلیس و زابتی تەجنید لەگەڵ هەموو خۆولاتیەكاندا بەچاخواردنەوە وشت خواردن ڕایان بوارد»[cxxi]. هەروەها لە بەشێكی تری نووسینەكەیدا سەججادی باس لەوە دەكات ،كە چۆن كەسانی ئەوەدەمانەی كفری ودەوروبەری وبەتایبەتی ئەحمەدجەمیل بابان وشێخ عەتای تاڵەبانی هەریەكەوبەبڕە سواری خۆیانەوە گەیشتوونەتە شوێنی ئاهەنگەكەوبەڕمبازی ویاریكردن لەسەرشەرەفی نەورۆز لەودەشتە،كە نەسیمی بەیانی یەكەم ڕۆژی بەهارشنەی بەگیاكەی ئەكرد ڕایانبوارد،لەسەعات چواردا بە دڵخۆشی ودەم بەپێكەنینەوە بڵاوەیان لێكردووە[cxxii]. بەجۆرێك هەر ئەحمەد بەگی بابان یەكەم كەس بووە، كە لە ساڵی پێشتری 1945دا، بەشێوازێكی ئاشكرا ئاگری نەورۆزی لەسەرلوتكەی (باوەشاسوار) كردۆتەوەومحەممەد قەرەداخیش لەگۆڤاری(دەنگی گێتی تازە) بابەتێكی سەربەخۆی بەناونیشانی (جەژنی نەورۆز لەشاری كفری) لەبارەیەوە نووسیوە[cxxiii]. تەنانەت شاعیری ناسراوی كورد قانع (1898-1965) لە ڕێوڕەسمی نەورۆزی ساڵی 1945 لەكفری بەشداری كردووەو چەند پارچەشیعرێكی خۆی خوێندۆتەوە[cxxiv]. ئەمەش لەكاتێكدابووە، كە هەمان بۆنەو ئاگری نەورۆزی ساڵی 1945 لە كەلاری ئەوەدەمانەی ناوچەی گەرمیان و شێروانەدا بەسەرپەرشتی مامۆستایانی قوتابخانەی كەلارو بەتایبەتی مستەفا نەریمان كە لەوەدەمانەدا لەكەلار مامۆستا بووە كراوەتەوەو سرودی نەورۆزیش لەلایەن خوێندكارانی قوتابخانەی كەلارەوە خوێندراوەتەوە.[cxxv]بەڵام لە نەورۆزی 1946، كە لەهۆڵی (مەلیك فەیسەڵی دووەم)، لەبەغدا بەڕێوە چووە، موكەڕەم تاڵەبانی وەك ڕووناكبیرێكی گەرمیان وشاری كفری ئەوەدەمانە یەكەم وتاری ئاهەنگی نەورۆزی شاری بەغدا لەلایەن ئەوەوە خوێندراوەتەوە[cxxvi].

گۆڤاری گەلاوێژ لەدرێژەی ڕیپۆرتاژێكی تری ڕۆژنامەوانی (11) لاپەڕەیی وێنەداردا، كە لە ژمارە (3)ی ساڵی 1948، سەبارەت بەڕاپەڕینی كانوونی دووەمی 1948ی عێراق بڵاوی كردۆتەوە، تارادەیەكی زۆرباش ڕووماڵێكی شارو شارۆچكەوناوچە كوردنشینەكانی ئەوكاتەی كوردستانیشی كردووە، كە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ وەك كەرەستەیەكی خاوی مێژوویی بۆكاری نووسین و لێكدانەوەی مێژوویی بووەتە جێی سەرنج وبایەخی بەشێك لەتوێژەران ولێكۆڵەرانی كورد[cxxvii].بۆنموونە لەسەروبەندی بەرپابوونی ڕاپەڕینی كانوونی دووەمی 1948دا،كە نارەزایی كۆمەڵانی خەڵك وحیزب و هێزە ئۆپۆزسیونەكانی عێراق بە ناوچە كوردنشینەكانیشەوە لێكەوتەوە، بەرانبەربەمۆركردنی پەیماننامەی پۆرتسماوثی نێوان عێراق وبریتانیای 1948 سەرچاوە دەگرێت وكۆمەڵانی خەڵكیش بەشێوازی جۆراوجۆر خۆپیشاندانی جەماوەریيان دەست پێكردو شاندی جەماوەریی جیاواز لە شارەكانی دیكەی عێراق و كوردستانەوە بەرەو شاری بەغدا بوونەوە، وەك دەبینین لەم بارەیەشەوە، گۆڤاری گەلاوێژ لە درێژەی ڕیپۆرتاژێكی بەرفراوانیدا، بەناونیشانی: (پۆستەی كوردەواریی)كاروچالاكی ڕۆژانەی شارەكانی كوردستانی وەك : كۆیە،هەولێر،سلێمانی،ڕانیە،زاخۆ،خانەقی بەوردی بڵاوكردووتەوە، وەك دەبینین لە بارەی شاری خانەقی و پۆستەی ئەم شارەوە نووسیویەتی: «كورگەلی خانەقی سۆزی دەروون و خۆشەویستی یەكێتی عێراقی خستنیە سەر ئەوباوەڕەوە كە لە برا كورد وعەرەبەكانی تریان دوانەكەون بۆچی؟ بۆئەوە پیشانی شەهیدەكانی ڕێی ئازادی بدەن، كە ئەورێگەیەی ئەوان پیا ڕۆیشتن ڕێگەیەكە هەموو دانیشتوانی ئەم وڵاتە پێیدا ئەڕوا..». هەروەها گۆڤاری گەلاوێژ لە درێژەی ڕووماڵكردنەكەیدا باس لە وەدەكات، كە چۆن جەماوەری شاری خانەقی لە : ڕۆژی پێنجی ئازاری 1948 گەیشتوونەتە نێوشاری بەغداوله گۆڕەپانی (مەلیك فەیسەڵ) كە یەكیان گرت و بەرێكەوتن تەنها دیمەنی سەد كوردی خانەقی و شاری بەغدا بەدی ئەكرا. كە گەیشتنە گۆڕستانی (باب المعظم) و سەرمەزاری شەهیدانی ڕاپەڕینی كانوونی دووەمی 1948 كەچی لێرەبەدواوە، ئاپۆرەی جەماوەر بە هەزاران كەس تێ دەپەڕێێ بەرادەیەك لە » سەعات هەشتونیوی بەیانییەوە، بەرێكەوتن بە شەقامی ڕەشیدیدا ڕووەو گۆڕستانی (باب المعظم) بەهێمنی و لەسەرخۆ،پەردەی ماتەمی كێشا بەسەریاناو هەموو سەری ماتەمیان داخست. لە پێشەوە بەیداخی عێراق بەدەست دووگەنجەوە، لە پاشا پیاوماقووڵ و ڕیشسپیان، لەپاشا كچان بەچەپكە گوڵ ومۆمەوە، لەپاشا كوڕەگەنجەكان، لەپاشا قوتابییەكان لە پێش هەموو پۆلێكەوە ئالایەك ئەڕۆیشت، لە سەرئالاكان نووسرابوو(بژی یەكێتی كوردوعەرەب،پۆستەی خانەقی،دیدەنی لە شەهیدەكان،تۆلەی شەهیدەكان»[cxxviii].پاشان كەشاندی خانەقی گەیشتنە سەرگۆڕستانی شەهیدانی كانوونی دووەمی 1948 دوای دانانی چەپكەگوڵ لەسەرمەزارەكانیان كەسێك بە ناوی ساڵح ڕوشدییەوە بەزمانی عەرەبی وتارێك دەخوێنێتەوەو پێیان دەڵێت« وابراكانی خانەقینتان هاتون بۆلاتان،چیتان بوێت ئەیكەن». دوابەدوای ئەویش كچێك بە ناوی سوعاد ئەمین والی بەهەمان شێوەو هەربەزمانی عەرەبی دەست دەكات بەوتاردان وەك لە بەشێكی وتارەكەیدا هاتووە:« شەهیدەكان، ئەوشەهیدانە كە تا دنیا دنیابێت لە دڵی خوشك و براكانتا تاپۆی لاشەتان دیارە، ئەوگیان بازییەی ئێوە لە سەری بوون، وامەزانن، هەرئەوەندە بوو، ئیتر ڕۆیشت، دانیشتوانی ئەم وڵاتە بە كورد و عەرەبییەوە لە سەرین و بەیەك باوەڕ دەمارەكانیان ئاودرا..»[cxxix].

